# سیماکانی ناسنامەی عەشیرەت لە ئاوێنەی مێژوو و بابەتەکانی فۆلکلۆردا

پ. د. پەخشان سابیر حەمەد شوانی
بەشی زمانی کوردی- فاکەلتی ئاداب- زانکۆی سۆران- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە**

عەشیرەتە کوردەکان وەکو ناوەندێکی هێز و دەسەڵات هەمیشە و بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی دیارییان لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا هەبووە، ئەمەش وایکردووە تەنانەت ببنە مایەی ترس و دڵەڕاوکێی دەوڵەتی عوسمانی، کە هەموو هەوڵێکی بۆ ئەمە بووە لە گەلێک کاروباری وڵاتدا پشت بەم عەشیرەتانە ببەستێت وەک پاراستنی سنوور و پارێزگاریکردنی ڕێگا بازرگانییەکان ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە ئامانجی لاوازکردنی دەسەڵاتی ئەم عەشیرەتانە بووە، کە بەشێکی مەزنی نەخشەی دەوڵەتی عوسمانییان پێکهێنابوو، بۆیە کاری لەسەر پەرش و بڵاوکردنییان دەکرد، بە تایبەتیش عەشیرەتە یاخیبووەکان، دەیویست دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت، ئەمە لە چوارچێوەی مێژوودا بۆتە تەوەری سەرەکی و سەرنجی مێژوونووس و ڕۆشنبیری کوردی بۆخۆی ڕاکێشاوە.

لەبەر ئەمە ڕووداو و ململانێ و کێشەکانی نێو مێژوو وەکو گێڕانەوەیەکی هەم زانستییانە و هەم هونەرییانە ، بۆتە سەرچاوەیەکی بە پێز بۆگواستنەوەی بۆ نێو بابەتە فۆلکلۆرییەکان کە بەرهەمی نەتەوەیی و گەنجینەیەکی میللیین، هەروەها خاوەن بەهایەکی ئەدەبی و جوانناسیین لە هەمانکاتدا، باشترین پەناگەی ناسینی عەقلیەت و بیرکردنەوەی کۆمەڵگایە لە قۆناغە جۆراو جۆرەکاندا، لە پاڵ دیاریکردنی خەسڵەتە نەتەوەییەکان و خوێندنەوەی بیرکردنەوەو فەلسەفەی تێڕوانینی چینەکانی کۆمەڵگا بۆ ژیان و پایەی کۆمەڵایەتی و سروشتی پەیوەندی نێوان کەسەکانی کۆمەڵگاکە دەنوێنێت، بۆیە گۆشەیەکی گرنگی ڕۆشنبیری کوردی گرتووە .

بابەتەکانی فۆلکلۆر بە گشتی و داستان بە تایبەتی پەیوەستن بە ڕۆڵ و پێگەی عەشیرەتەکان، سەرباری گێڕانەوەکانی نێو هەندێک لە حیکایەت و ئاماژەکانی هەندێ لە پەندی پێشینان و سەربوردە و داستانە قارەمانێتیەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە دەوری عەشیرەتە باڵادەستەکانی کورد دەسوڕێنەوە، لە پاڵ جۆری پەیوەندییەکانییان چ لەگەڵ یەکتر و چ لەگەڵ هێزەکانی دەرەوە دەخەنە ڕوو.

بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوەکەمان بۆ ((***سیماکانی ناسنامەی عەشیرەت لە ئاوێنەی مێژوو و بابەتەکانی فۆلکلۆردا***)) تەرخانکردووە، کە هەوڵ دەدات وەڵامی پرسە گرنگەکانی وەک: پەیوەندی مێژوو و ئەدەبی فۆلکلۆری تا چ سنوورێک بڕ دەکات؟، تا چەند مێژوو بۆتە سەرچاوەی سوود وەرگرتن لەلایەن ئەدەبی فۆلکلۆرییەوە؟، پێگەی عەشیرەتە کوردەکان لە نێو مێژوو بە بەراوورد لەگەڵ گواستنەوەیان بۆ نێو بابەتە فۆلکلۆرییەکان تا چەند هاوسەنگی درووست کردووە؟باسکردنی عەشیرەتەکان لە نێو چ بابەتێکی فۆلکلۆریی زیاتر ڕەنگیداوەتەوە؟ئەمە و خستنەڕووی وەڵامی چەندین پرسیاری گرنگی تر تاوتوێکراون، چونکە بابەتە فۆلکلۆرییەکان کۆگای ئەزموونی نەتەوەی کوردن لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئەدەبی......هتد. سروشتی بابەتی لێکۆڵینەوەکە پشتی بە ڕێبازی وەسفی_ شیکاریی_ڕەخنەیی بەستووە، هەروەها لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و دەروازەیەک لە دوو تەوەر پێکدێت، لە کۆتایشدا چەپکێ ئەنجام کە لە ئاکامی گەڕان بە نێو لاپەڕەکانی مێژوو و سامانی فۆلکلۆری کوردی گەڵاڵەبووە، ، خراونەتەڕوو، ئەمە و بێجگە لە خستنەڕووی پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**پەیڤێن سەرەکی:** *مێژوو، عەشیرەتە کوردەکان، ئەدەبی فۆلکلۆری، هونەری گێڕانەوە، کەسایەتی مێژوویی*

---

### ١_ پێشەکی

مێژوو وەکو زانستێک و بابەتە فۆلکلۆرییەکان دووانەیەکی تەواوکەری یەکترن، دەکرێ بڵێین مێژوو لە ڕوانگەی فۆلکلۆرەوە بنچینەیەکە بۆ پێکهێنانی هەندێ بابەتی گرنگی وەکو داستان و گۆرانی و لاوک، فۆلکلۆر لە ڕوانگەی مێژووەوە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیە کە خودی مێژووەکە بە دوایدا دەگەڕێت.

کورد به درێژایی مێژوو ئاســـوده نەبووە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی بووە قۆچی قوربانی ململانێ و شـەڕوشـۆڕەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسـمانی و سـەفەوی ئێرانی، تەنانەت کوردستان ببوە پرد و خاڵی بەیەکگەیشتنی سوپای عوسمانی و سەفەویەکان، خەریکی ئەوە بوون ئەو کاتانەی کە میرنشینەکان جێگیربوون و خاوەن خودموختاری و نیمچە ســەربەخۆییەکیان هەبووە، ئاگری دووبەرەکی و ئاشــوب لە نێوان هۆزەکاندا بنێنەوە، لە پێناو گەیشــتن بە مەرامە تایبەتیەکانیان و میللەتی کورد بە نەخوێندەواری و دواکەوتویی و ناجێگیری سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی بمێنێتەوە.

کوردســتان خۆیشــی ببوە گۆڕەپانی ناکۆکییەکانیان، تەنانەت دوای شـــەڕی چالدێران لە ١٥١٤، هەریەکەیان هەوڵی دەدا میرنشینە کوردییەکان بخاتە ژێر ڕکێف و دەســـەلاتی خۆی، خوێنی کورد بەردەم دەڕژا بێ ئەوەی خۆی هیچ دەســـتێکی نەتەوەیی یا مرۆیی تێدا هەبێت، زیان لە هەردوو لاوە دەیدورینەوە، ونبونی وڵات و واقیعە تاڵەکەی بووە گرنگترین هۆکاری هۆشــیاری نەتەوەیی بەلام هێشــتا بە ڕێژەیەکی کەم بوو، خانی کە ســـەرباری شـــاعیرییەکەی خاوەن بیر بوو، نمونەیەکی ناوازە بوو، بۆ ئاوڕدانەوە لە ســـامانی بەرهەم و گێڕانەوەکانی گەل و بوژاندنەوەیان، ئەمە و جگە لە چەندین کەسی تری وەک:مەلا مەحمودی بایەزیدی و........ هتد، بەلام زۆرترین بایەخدان بە بابەتە فۆلکلۆریەکان ڕۆژهەلاتناســـەکان بوون، ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە وەلامدانەوەی چەندین پرسیاری هەمەجۆرە لە بارەی پەیوەستبوونی مێژوو بە فۆلکلۆر و کامیان دەبنە سـەرچاوە بۆ ئەوی دیکەیان، تەواوکەری یەکدین یا هاریکاری یەکدی، خەیاڵی کۆیی نەســـتی گەل تا چەند ڕۆڵی بینیوە، ئەمەو چەندین پرســـیاری تری گرنگ، لە بواری ڕێبازی وەسفی _شیکاری ڕەخنەیی هەوڵی وەلام دانەوەیان دراوە.

## ٢_تەوەری یەکەم/عەشیرەت لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی کوردی و میرنشینەکانیدا

نەتەوەی کورد بە هۆی ئەو چوارچێوە مێژووییەی کە کۆیکردبۆوە، نەیتوانیوە خۆی خۆی بنوسێتەوە و مێژوو و کلتوور و لایەنەکانی ژیانی نەتەوەکەی تۆمار بکات و لە وونبوون بیانپارێزێت، بۆیە هەرچی هەیە لە ئەرشیفخانەی عوسمانییە، کە(ئەرشیفی عوسمانیە سێیەم گەورەترین ئەرشیفخانە لە جیهاندا دادەنرێت، لە ١٥٠ ملیۆن بەڵگەی جۆراوجۆر پێکهاتووە، هەر لە ئاڵوگۆڕی نامەکانی ناوەخۆ و دەرەوە، تا نەخشــە و وێنە و دەســـتنوس)(أقطاش و بینارق، ١٩٨٦: ٣_٣٤)، چونکە عوســـمانیەکان عەقڵیەتێکی بەڵگەنامەیی جوانیان هەبووە کە پێشـــتر خەڵکەکە نەیبووە)(عەبدولواحید، ٢٠٠٥: ١٧ )کوردیش یەکێک بووە لە نەتەوەکانی ناوچەکە کە بایەخی بەم بابەتە نەدابێت،

ئینجا بەشێکی بە ویستی خۆی بوبێت یان نا، گرنگ تا ئەمڕۆش بەمشێوەیەیە، (هەر نەتەوەیەک بەڵگەنامە تایبەتیەکانی خۆی لە ژێر دەست نەبێت، ئەوا بەشێکی گەورەی بیرەوەرییە مێژووییەکەی لە دەست دەدات)(علی، ٢٠١٠: ٥)، لەبەر ئەوە زۆرجار هەلقەیەکی بزر و نادیار پچڕان لە بابەتە مێژووییەکان درووست دەکات، عەشیرەتە کوردییەکانیش یەکێکن لەو بابەتە پڕ بایەخانەی هەمیشە پرسیاری بێ وەڵامی تێدا بەدیدەکرێت.

یەکێک لە بنەما گرنگەکانی پرینسیپی ڕێکخستنی هۆز، خزمایەتیە، تایبەت لە نێو هۆزە گچکەکاندا، هەموو بۆ یەکدی بە ئەمەک و وەفادارن، چونکە هەموو خزمی یەکن، ....سەرۆکهۆزەکان بە شێوازێکی دیکەش خۆیان لە کن ئەندامانی هۆزەکەیان بایەخدار و پێویست و کەم وێنە دەکەن، ئەویش لە ڕێگەی پەیوەندییان بە دەوڵەتەوە(برونەسن، ٢٠٠٣، ب٢: ٣٢٠ و ٣٢٢).

بۆیە (بە زۆری سەرۆکایەتی هۆز و خێل بۆماوەیە، لە باوەوە بۆ کوڕ دەگوێزرێتەوە، بەڵام هەردەم دەسەڵات یەکسانە بە ژمارەی سوارەی جەنگاوەر و پیادەی تفەنگچی و مێگەل و ڕووبەرە بەراوی زۆر) (حەسەن، ٢٠٠٨: ٢٣)، لە ناو کورددا گەلێک چەمک و زاراوەی تایبەت وەکو هاوواتای عەشیرەت بەدیدەکرێت، وەک:تایەفە یا تایفە کە لە(طائفة)ی عەرەبیەوە کوردێنراوە، یا قەبیلە کە لە دێرینەوە بەکاردێت، یا تیرە کە زۆرجار لەگەڵ تایفە دەبنە جووت ووشە (تیرە و تایفە)، یا خێڵ، یا بنەماڵە، یا هۆز، یا عێل، یا ئێل،....... هتد، دەشێ ناوی تریش هەبن.

لە کاتێکدا هۆز لەگەڵ گرنگێتی خۆیدا بە هۆی باوک سالاریی جگە لە ڕەگەزێکی ئاوێتە بۆ پێکهێنانی سیستمی میرنشینی هیچی دیکە نەبووە، ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە نێو میرنشینەکاندا هەمەجۆر و تێکەڵاو بەیەکەوە گرێدرابوو، ئەگەر لەگەڵ هۆزدا بەراورد بکرێ، چونکە خەڵکی میرنشینەکان خەریکی چالاکی بازرگانی و کەلتوری و ئیداری و پیشەسازی دەستکرد بووە، ....میری کورد بە کردەوە هەموو زەوی وزارەکانیان لە ژێر دەستدا بووە و .....لێپرسراوی دابەشکردنی زەوی و زار بووە بەسەردەست و پێوەندەکان و سەرەک هۆز و پیاوانی ئایینی و سەرکردە سەربازییەکاندا(ئەسکەندەر، ٢٠١٦: ٥_٦)

هۆزە کوردییەکان لە سەردەمی نوێدا جێگەی بایەخی ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆلەرەکان بوون، هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە نموونەی:پیوتر لیرخ p.lerch(١٨٢٨_١٨٨٤) لە پێشەنگی ئەو کەسانە بوو، کە لەبارەی عەشیرەتە

کوردەکانی نووسـیوە و هنری فیلد Henry Field (١٩٠٢_١٩٨٦)و مارک سـایکس Mark Sykes (١٨٧٩_١٩١٩)هەرچەندە نەیتوانیوە سەرژمێری هەمووعەشیرەتە کوردیەکان بکات، لەگەڵ ئەوەشـدا ئەوەی تۆماری کردووە سـەرچاوەیەکی گرنگی مێژوی ژیانی نەتەوەی کوردە لە رووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ئەوانی دیکە(بڕوانە:سایکس، ٢٠٠٧: ١٤)، و ئیلی بانستر سۆن E.B.Soane (١٨٨١_١٩٢٣) و ئای.جی.ئاڕ E.J.R ئەمە (ف.دیتل لە کتێبەکەی(گەشتێک بۆ ڕۆژهەڵات)لە ناوەڕاستەکانی سـەدەی نۆزدەهەم باسی نزیکەی ٢٥٠ عەشیرەتی کوردی کردووە)(سایکس، ٢٠٠٧: ٥) و جگە لە چەندین ڕۆژهەڵاتناسی دیکەی وەک: مینۆرسکی(١٨٧٧_١٩٦٦) وتۆمابوا(١٩٠٠_١٩٧٥) و.......هتد، کە توانیویانە بڕێک لە کلتور و ڕۆشـنبیری و بابەتە مێژوییەکانی نەتەوەی کورد بپارێزن .

ژمارەی عەشیرەتە کوردیەکان تەنیا لە دەوڵەتی عوسمانیدا و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم گەیشتۆتە نزیکەی ٣٢٢بۆ ٣٧٩خێل و عەشیرەت(ابوبکر، ٢٠٠١: ٧ تا ٦٤)

لە کاتێکدا ئەولیا چەلەبی لە سـەدەی حەڤدەهەم ژمارەی هۆز و عەشـیرەتە کوردەکانی لە شار و چیاکانی کوردستان بە ٦٠٠٠ هەزار داناوە(چەلەبی، ١٩٧٩ :٩١).

هیچ کاتێک نەبووە کە هۆز و عەشـیرەت بێ بایەخ و پەراوێز خرابێت، هەموو کات هۆزەکان پاڵپشت و دەسەڵات و هێز بوون، بەڵام ڕێژەی هێزەکەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە پێی ژمارە و توانای ئابوری و لایەنی کۆمەڵایەتیان جیاواز بووە، (شارە کوردییەکان خۆیان لەڕۆڵی پەراوێزبوونی دەرباز بکەن و ڕۆڵێکی مەرکەزی لە ژیانی ئابوری و سیاسی و فەرهەنگیدا ببینن، هەر لەبەر ئەم هۆیەش ناوبانگی گەلێ بنەماڵەی حوکمڕانی بە شـارەکانی وەک : بەتلیس و خاز و جزیرە بەسـترایەوە، لە کاتێکدا هێندێ بنەماڵەی دی بە هۆی وابەسـتەبوونیانەوە بە هۆزە جێگرەکان کە خۆیان لەوان بوون ناوبانگیان دەرکرد وەکو:سۆران و بابان)(بەدلیسی، ١٩٧٣: ١٧٠)، بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر سـەرنج بدەینە ناوی عەشـیرەتە کوردییەکان دەگەینە ئەوەی کە(عەشـیرەتە کوردییەکان ناگەڕێنەوە سەر کەسێک یا باپیرە گەورەیەک، پێچەوانەی سروشتی کۆمەڵگەی کوردییە، چونکە کورد پەیوەستە بە شوێن یا ئەو ڕووبەرەی لەسەری دەژی و دەچێتەوە سەری لە ناوی عەشیرەتەکەیدا، واتە ناونانی عەشیرەت پەیوەستە بە خاک نەک ناونانی عەشـیرەت بە پێی نەژاد)(سـایکس، ٢٠٠٧: ٨)، نمونەی(مودەکی modeki یان motikan بە دیالێکتی زازاکی قسـە دەکەن، لەوە دەچێت ناوەکەیان لە شـاری مۆتکیmutki وە هاتبێت، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای گۆمی وان، هەندێک خێلی دیکە

ســـەر بەم هۆزەن وەک:کەیبوران، بۆیانلی، کوســـان، ڕیتشـــابا، زیدان، ئەرکلیی و پیر موسا)(ئیگلتون، ٢٠٠٦: ١٢٨).

وێڕای ڕەتبوونی کوردســـتان بە چەند قۆناغێکی مێژوویی کە بارودۆخی ســیاســی تێیدا جیاواز بووە لە نێوان حوکمڕانیی ڕاســـتەوخۆی بێگانە و ســـەربەخۆیی تەواو، چینی ئەشـــرافی کورد لە ســـەرۆک هۆز و خاوەن زەوی و زار و پیاوانی ئاییني و فەرمانبەرە پلەوپایە بەرزەکانی پێکهاتبوو، ئەوانەی کە ســەرپەرشــتی کاروباری ئیداری و ئابوری و پرۆژە گشـــتیەکـانیـان دەکرد، هەر لەو کۆمەڵە خەڵکە دیـارەشـــەوە ئەنجومەنی میرنشینەکانیان دەکرد(ئەسکەندەر، ٢٠١٦: ١٠٤).ئەمە و لە کاتێکدا(میرنشینی و خێڵ ئەو دوو شێوە ستروکتوریە بوون کە تیایاندا خۆرێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی_سیاسی زامین دەبوو، میرنشـــینی هێڵی ســـتروکتوریی ســـەرووی پێکهێنـابوو، کـامڵبوونی کۆمەڵایەتی _سیاسی لە کوردستاندا لەو هێڵە هەورازتر نەچوو، خێڵیش سنووری هەرە نزمی بوو و پێویســـت ناکات بە دوای یەکەی کۆمەڵایەتی_ســـیاســـیدا بگەڕێین لە خوارووتریئەم هێڵەوە)(ڤاسیلیەڤا، ٢٠٠٩: ٢٦١)، بۆیە (ناکرێ تەماشای میرنشینی بکەین لە کوردســـتان بە دابڕاوی لە خێڵ، هەر میرنشـــینێک لە پێشـــکەوتنیدا بە قۆناغی خێڵەکی دا رۆییوە، لەگەڵ خێڵیشدا ژیاوە و لە حاڵەتی کز بوون و نەمانیشیدا جێگەی بۆ خێڵ وەکو ستروکتورێکی کۆمەڵایەتی _سیاسیی سەرباشقە، چۆڵ کردووە، خێڵ وەکو بڵێی سنوورێکی پارێزەری هەمیشەیی بووە، لە خوارەوەی ئەم سنوورەدا دابەشبوون بۆ ستراکتوری کۆمەڵایەتی_سیاسی بچووکتر ڕووینەداوە)(سەرچاوەی پێشوو)

عەبدال خان حەفتا هۆز و عەشـــیرەتی لە ژێر دەســـتدا بووە، یەک لەوان هۆزی (مودەکی)یە، کە بە تەنیا حەوتسەد تفەنگ بەدەستی هەیە، هەر سەعاتێ خان ئارەزوو بکات دەتوانێ لەمانە حەفتا هەزار شەڕکەر کۆبکاتەوە(نورەدین٢٠٠٧: ٧٦).

لەبارەی کەســـایەتی عەبدال خان ئەولیا چەلەبی دەڵێ:ســـەروەری گەورەمان جەنابی عەبدال خان پیاوێکی شاعیر و قسە ڕەوان و نوسەر و زانا و لە هەموو هونەرێکدا وەستایە، قەسیدەیەکی بە تورکی و شێوەی ڕۆژەکی داناوە، هەواکەی لەسەر مەقامی سێگا دەگوترێ(چەلەبی، ١٩٧٩ ١١٨)، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە عەبدال خان سەر بە عەشـــیرەتی ڕۆژەکی بووە، (دوای چەندین شـــەڕوشـــۆڕ و قوربانی پەنا بۆ هۆزی _مۆدەکی _دەبات و پاشـــتر دەچێتە چیاکانی ناوچەکە)(نورەدین:١٦٨) چیرۆکنوس (حەیدەر ئیشک) چیرۆک و بەسەرهاتی کەسایەتی میر عەبدال خان لە چوارچێوەی ڕۆمانێکدا

به زمانی تورکی نووسـیوه به ناوی(ئەو نانه خوێناوییەی که بۆ بەگی بدلیسـێ عەبدال خان نێردرا)له ساڵی ٢٠٠٦ له دەزگای پێری له ئەستەنبۆڵ چاپکراوه،

لەبەر ئەوه قسـەکردن لەسـەر خێل و هۆزی کورد هەر بۆ خۆی قسـەکردنه لەسـەر مێژوی کورد، چونکه ئامادەبوونی خێل له کۆمەڵگەی کوردیدا هێنده بەهێزه که هەموو کولتور و مێژوەکەی به جۆرێک له جۆرەکان بریتییه له مێژوی خێل و هۆزەکان(مێجەر سـۆن، ٢٠٠٧: ٧)، وەک تۆمابوا گوتەنی هۆزه چیاییەکان بەگشـتی و هۆزه کوردەکان به تایبەتی به سێ سیمای سەرەکی دەناسـرێنەوه:جیهانێکی بچوکی بەسـەرخۆدا داخراو و ئۆرگانیزمێکی داکۆکیکردن، ئەم دام و دەزگایه خاوەنی رەوتێکی نەریتخواز و کۆنسـیرڤاتۆره(تۆمابوا، ١٩٦٦: ٣١_٣٢)، مێژوی رۆژهەڵات ئەوەمان پێدەڵێ که تاوەکو سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمیش ناکۆکییه ئیتنکییەکان له پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و خێل دا هەرگیز ئەو هێزه کاریگەره نەبووه، به پێچەوانەوه پێوەندی نێوان ئەم دووانه لەسـەر توانای عەسـکەری، سـەرچاوەی ئابووری و توانای راگرتنی یەکسـانیی هێز راوەسـتابوو، جیاوازییه نەتەوەییەکان هەرگیز ئەو کاریگەرییەیان نەبووه(مێجەرسـۆن:٧_٨)، ئەگەر پاتریشـا پێی وابووه هۆزەکان فاکتەرگەلی پێشـکەوتن نین، بەڵام له رۆژهەڵاتدا تەواو به پێچەوانەی ئەم بۆچوونه خێل و دەوڵەت هێنده تێکەڵن که خێل نەک هەر گروپێکی دەوڵەت رەفزکار نییه، بەڵکو ئەوه دەوڵەته که خێل دروسـت دەکات(سـەرچاوەی پێشـو: ٨)، هەرچەنده ئەم بۆچوونەی به گشـتی خسـتۆتەروو، ئەگەر بۆ نەتەوەی دیکه راسـت بێت، مەرج نییه بۆ کوردیش به هەمان شـێوه بێت، که له بنەرەتدا ئەوه لەگەڵ کورد ناگونجێت، چونکه له لایەک کورد له ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراسـت هەڵکەوتووه، که هۆزەکان هەمیشـه پاڵپشـتی دەسـەڵاتدارانی کورد بوون و تا رادەیەک تەواوکەری یەکتر بوون، له لایەکی ترەوه بەرژەوەندی هاوبەش کۆیانی کردۆتەوه که نەدەکرا لێک بترازێن، رووداوەکانی مێژووی کوردیش دەیان نموونەی زیندوی تێدا بەدیدەکرێت .

له کـاتێکـدا(کوردسـتـان بۆ خۆی مۆزایکی هۆز و تیره و خێلی جیاجیایه)(مێجەرسـۆن:١١)، ، یەکەم خاڵی رزگاربوون و سـەرفیرازی کورد دەگەرێننەوه بۆ(یەکگرتنی هۆزه کوردەکان لەسـەر رێ و شـوێن و لەبەر رووناکی بیروباوەرێکی روونی دیاریکراو که سـەربەخۆیی کوردسـتان بوو)(قەفتان، ١٩٨٥: ٦٦)پێچەوانەکەیشـی راسـته، چونکه ناکۆکی نێوان هۆزەکان زۆرجار بەربەسـتی لەبەردەم میرنشـینەکان درووسـتکردووه، (دوژمـنـی سـەرەکـی کـوردێـک هەمـیشـه هـۆزەکەی هاوسێیەتی)(مێجەرسۆن:٩).

دەوروبەری ساڵی ١٨٢١ بەدرخان بەگ بووە میری ئەو میرنشینە دارووخاوەی بۆتان و توانی گەشـــەی پێبـدات، برایم خـانی ســـەرۆکهۆزی میران، ڕازی نەبوو دان بە دەســـەڵاتەکەی بنێت و باج و خەراجی نەدەدا و ئەو بژێوانییەی لە نێوان باتوان و حاجی بەیرانی دا کردی و نوانی ئاشتیان بکاتەوە، لەو کاتەدا ئەم پەندە دروست بووە:

(میران میرن، باتوان وەزیرن، شـیللەت سـەێین پیرن)برۆنسـەن دەڵێ:ئەم پەندەم بۆ ڕوون نەبۆوە و کەسـیش نەیتوانی بە دڵی خۆم بۆم ڕوون بکاتەوە(برونســەن، ٢٠٠٣: ٦٤)لە کاتێکدا بڕبڕەی پشتی لەشکری بۆتان_بەشە جزیرییەکەی_دوو کۆنفیدراسیۆنی دوو خێڵی ڕەوەند بوون، شـــیللەت و چۆخســـۆر (لە بەتلیس قەڤالیســـی و بلباســـی بوون، لە هەکاری هۆزەکانی چەپ و ڕاست بوون)، ئینجا چۆن ئەم سیفەتەیان داوەتە پاڵ عەشیرەتی شیللەت، ڕوون نییە.

بە پێی شـــەڕەفنامە قەڤالیســـی و بلباس دوو هۆزی وەجاغزادە بوون، لە کاتی کـێشـــە و هەڵـلادا هـۆزەکـانـی دی لەگەڵ یەکـێـک لەو دوو هـۆزە یەکدەکەوتن(برونەســـن:٣٣)، ئەمە و لە کاتێکدا ئاماژە بەوە دراوە کە(بلباسBilbas عەشـیرەت نین بە واتای ووشـە، بەڵکو کۆنفیدرالیەتێکی عەشـیرەتن confederacy of tribes کە لە کۆمەڵێک عەشیرەت پێکدێن، لە کاتی شەڕوشۆڕدا هاریکاری یەکیان کردووە(مێجەر سـۆن، ١٩٧٩: ٢٩)و لە عەشـــیرەتەکانی:مەنگوڕ، مامەش، پیران، باڵەک پێکهاتبووە، کە بە هەموویان ناوە گشتیەکەی بلباسیان هەڵگرتبوو.

بلباس خاکێکی بە پیتی فراوانیان لەبەر دەســتدا بوو، کاربەدەســتانی عەجەم چاوییان بڕیبووە سـامان و داراییان و مەزنەکانی بلباس یش دەیانویســت کەمترین باج و ســـەرانە بدەن، ئەمەش بووە هۆی ململانێ و تێکهەڵچوونی خوێناوی لە نێوان ئەفشـــاری عەجەم و بلباس، لە دوای پەیماننامەی ئاشتی زەهاو لە نێوان سەفەوی_عوسمانی، عەجەم توانی شـان و شـکۆی هۆزەکانی موکریان کە هاوسـنوری عوسـمانی بوون بشـکێنێ و نەهێڵێ جارێکی تر ڕاسـت ببنەوە، بەڵام هۆزی بلباس توانی لە لای خواروی ناوچە عەجەم نشینەکانی مەڵبەندی ورمێ گەشە بکات و بەهێز بێت(مەلا حەسەن، ٢٠١٩: ٢٢٥)

ئەو دوژمنایەتی کێشـــانەی لە کاتی خۆیاندا چارەســـەر نەکرابوون، ســـەریانهەڵداوە و یەکێتی و یەکڕیزی زۆربەی هۆزەکانیان هەڵتەکاند، گەلەک تیرەو خێڵی گچکە لە پڕ هەڵتۆقین و خۆیـان ســـەربەخۆ کرد، بڕێـک ســـەرۆکهۆز _بۆ نموونە:ئـاغـا دەسەڵاتدارەکانی شرناخ، کە سەر بە هیچ هۆزێک نەبوون، یاخود سەرکردەکانی میران

_توانییان لەم گێژاو و پشێویەدا دەسەڵاتی ئابوری و سیاسیان برەو پێبدەن و فراوانتری بکەن، بەڵام هیچ یەکێکیان نەیانتوانی شوێنی میر بگرنەوە(سەرچاوەی پێشو:٦٩)

کەسایەتیەکی وەکو میر بەدرخان کە یەکێک بوو لەو میرانەی ئاشتی و ئاسایشی بڵاوکردەوە و توانی(هاوسۆزی و هەماهەنگی سەرۆک هۆزەکان بەدەست بێنێت، چونکە لەو بڕوایەدابوو پشتگیری کردنی سەرۆک هۆزەکان مانای ئەوەیە جەماوەر بەدەست دێنێت)( محەمەد، ٢٠١٨: ٨٦)، کە خەڵکەکە پێیان وابوو(دادپەروەری میر بەدرخانە و بەدرخان دادپەروەرییە)(لطفي، ١٩٩٢: ١١)، لە بارەی عەشیرەتەکەی، محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ: بەدرخان بەگی عەزیزی یا ئەزیزی کە بە (بەدرخان پاشا)بەناوبانگە، باپیری بەدرخانیەکانە، ئەو خانەوادە کوردە ڕۆشنبیرەی لە شام و کوردستان و تورکیا بڵاون(زکی، ١٩٤٨: ٣٦٥)، کەواتە بەدرخانیەکان لە عەشیرەتی ئەزیزین کە بە عەرەبیەکەی بۆتە عەزیزی، گوایە لەسەر گۆڕەکەیشی نوسراوە:

میرێ جزیرا بۆتان
میر بدرخانێ عزیزان
ڕەحمەتێ خودێ ل سەر مالباتا وی بت.........

(هروري، ٢٠٠٠: ١٣٩).

هەندێک جار بنەماڵەش لە بری عەشیرەت بەکارهاتووە و وەکو هاوواتای یەکتری لە نوسینە مێژوییەکاندا بەکارهاتووە، یان (ناوی خۆیان لە ناوی سەرخێڵەکانیانەوە خواستووە، وەک:بایەزید، موسا بەگ، ڕەجەبلو، میکائیلان، مەحمودی، هەروەک ناوی هەندێ خێڵ لەو گوند و شارانە نراون، کە دواتر بە یەکجاری خێڵە ڕەوەندەکانی تێدا نیشتەجێبوون، وەک: شێخان، شارەبان و ئامران لە عێراق ومەحمودی و ئولوس و گەرگەر و سرووج لە تورکیا)( الداقوقي، ٢٠٠٣:١٢_١٣)

هەروەها(زۆربەی دانیشتوانی شاری بدلیس لە خێلی ڕۆژەکی پێکهاتبوو، کە بنەماڵەی میرنشینەکەش هەر لەم هۆزە بوون، هەرکاتێک تورک و فارسەکان ویستبێتیان کوردستان داگیر بکەن، دەبوایە لە پێشدا لەگەڵ فەرمانڕەوایانی هۆزی ڕۆژەکیدا بەشەربێن)(نورەدین، ٢٠٠٧: ٦٨)لەبەر ئەوەی (بە درێژایی مێژوو، ڕۆژەکییەکان توانیویانە بەربەستێکی بەهێز و گران بن لەبەردەم هەموو ئەو شالاوانەی کە بۆیان کراوە لە لایەن ئاق قۆیونلووەکان(١٤٧٩_١٤٨١)و عوسمانییەکان(١٥٣٥_١٥٨٣)(مستەفا،

١٩٩٨)هەر خۆی فەرمانڕەوایی بدلیس لەم بەشانە پێکهاتبوو(ئەخلات، موش، هۆزی ڕۆژەکی)(بدلیسی، ١٩٨١: ٨١٣)

کاتێک سوڵتان سلێمانی قانونی لە ساڵی(١٥٢٠_١٥٦٦)هێرشی کردە سەر ئێران وساڵی ١٥٣٤ هێرشی کردە سەر بەغدا زۆربەی ئاغاکانی نێو عەشیرەتە کوردەکانی لەگەڵ خۆیدا برد، عەشیرەتەکان بە درێژایی سنوری تورکیا و ئێران نیشتەجێ بوون، بۆیە قەڵا و شوێنی تۆکمەیان دروست دەکرد بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە دەوڵەتی عوسمانی لە هێرشەکانی ئێران سوڵتان سلێمان شانازی بەوە دەکرد کە دیوارێکی لە خوێن و گۆشت دروستکردووە، کە دوژمن ناتوانێت تێیپەڕێنێ(ڤاسیلیەڤا، ٢٠٠٩: ٩٥)، بەمشێوەیە عەشیرەتە کوردییەکان بۆ خەڵکانێک قەڵایەکی پتەو بوون، بۆ خودی خۆشیان ڕوخێنەر.

شەڕی چاڵدێران لە نێوان عوسمانیەکان بە سەرۆکایەتی سەلیمی یەکەم و سەفەوییەکان بە سەرۆکایەتی شا ئیسماعیل، کە تێیدا عوسمانیەکان سەرکەوتن و توانیان بچنە نێو تەبریز پایتەختی دەوڵەتی سەفەوی، چەندین هۆز و عەشیرەت کە بە ئارەزوی خۆیان چوبونە نێو دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی نمونەی عەشیرەتەکانی:دادوەری، بتلیس و میری حەسەن کیف و ئامێدی، دواتریش عەشیرەتەکانی سۆران و ئورمیا و کەرەزان و سەعەرت و سنجار و ماردین و ئەوانی دیکە، ئەوەی یارمەتی عەشیرەتەکانی دا بچنە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوای عوسمانی بە ڕای مێژونوسان خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان بوو نمونەی :ئایین و ڕۆشنبیری و بەها ڕەوشتیەکان، فتوحاتی عوسمانیەکانیش یارمەتیدەر بوو، چونکە کارگێڕی شوێنەکەی بۆ خەڵکەکەی جێدەهێشت، کە وایدەکرد ناوچەکان پارێزگاری لە سیاسەت و ڕۆشنبیری خۆیان بکەن.

(کاتێک خان لە لای ئەولیا چەڵەبی گلەیی لە ئامۆژگاری و هەڕەشەکانی ئەحمەد پاشا دەکات، لە وەڵامدا ئەولیا دەڵێ:... ئەو قسانەی لە ڕووی خۆشەویستییەوە کردووە، نەکا دڵت ڕەنجابێ؟ئێرە کوردستانە، نەتەوەی ڕۆژەکی، کە ڕۆژەکی، ڕۆشکی گەورەترین هۆز و عەشیرەتی شاری بدلیس بووە، کە عەبداڵ خانیش هەر لەم هۆزە بووە)(نورەدین، ٢٠٠٧: ٤١: پەراوێزی ٣١)، ڕۆژەکی ٢٤ قەبیلە یەککەوتون و تاقە سەرکردەیەکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، واتە لە نێوان هۆز و سەرۆکهۆزەکانیاندا جۆر پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نەنوسراو و مۆر نەکراو دروست بوو بوو، ڕۆژەکییەکان بەوە ناسرابوون، کە لە گشت هۆزێکی دیکەی کوردستان، ملکەچتر و پێبەندتری میرەکانیانن(برۆنەسن، ٢٠٠٣: ٣١_٣٢)، پەیدابوونی میرنشینە سەربەخۆ و نیمچە

ســــەربەخۆكانی كورد لە ســــەدەكانی  پازدە و شــــازدە وەرچەرخانێكی گرنگی كۆمەڵگەی كوردی بوون، بووە هۆكاری ئەوەی شار پەیدا ببێت .

تەنانەت هێز و توانای میرنشینەكان پەیوەست بوون بە هێز و توانای عەشیرەت و ئەو پاڵپشــتیانەی عەشــیرەتە گەورەكان پێشــكەشــیان دەكرد، چونكە (میرنشــینە كوردیەكان بەوە جیادەكرانەوە كە بە گشــتی ســـروشـــتێكی ســـێكوچكەداری _بنەماڵەیی_فیوداڵیزمی_ئایینی_بوونە، لە نێوانیاندا چەندین میری بەتوانا و بەهێزی تیا هەڵكەوتووە كە ....، وڵاتانی زلهێزی دەوروبەر حیسابیان بۆی كردووە، بە تایبەتی میر محەمەدی ڕەواندزی میری ســـۆران و میر بەدرخان پاشـــای بۆتان و میر عەبدولڕەحمانی پاشای بابان)(محەمەد، ٢٠١٨ :٧)

میرنشــینی بادینان كە یەكێك بووە لە میرنشــینە دیارەكان و ماوەیەكی زۆر فەرمانڕەوایی بەشـــێكی كوردســـتانی خوارووی كردووە و(لە نێوان ڕوباری دیجلە و زێی گەورە، میرنشــینی بۆتان لە ڕۆژئاوایدا و میرنشــینی هەكاری لە باكوریدا و میرنشــینی سۆرانیش لە ڕۆژهەڵاتی دا بووە)(محەمەد، ٢٠١٨: ١٠)، دیارترین هۆزەكانی مزوری و زێباری و بەرواری و ڕێكانی و ماخاڵ و سندی و سلیڤانی بووە.

زۆر جار بۆ مەبەســـتی شـــەڕكردن پەنایان بۆ هەندێ هۆز بردووە، هەروەك چۆن(سوڵتانی عوسمانی فەرمانی دەركرد كە سوڵتان حسێنی میری بادینان بە هاوكاری زەینەل بەگی میری هەكــاری و هۆزی برادۆســـــت هێرش بكەنە ســـــەر میرانی موكریان)(العباسي، ١٩٦٩ :٥٦)، لە نێوەخۆشدا و لە ئاكامی ململانێ و بەدەستهێنانی دەســـەڵاتی فەرمانڕەوایی پشـــت بە هۆز و تواناكانیان بەســـتراوە، كاتێك(بەیرام_كە دایكی بەیرام خوشـــكی میر زەینەلی هەكاری بوو_لە هەل دەگەڕا بۆ ئەوەی دەســـەڵات لە قوباد وەرگرێت، پشــتیوانی هۆزەكانی بۆ خۆی قۆســتەوە و توانی خەڵكێكی زۆر بە دەوری خۆیدا كۆبكاتەوە)(العباسي، :٥٩)، ململانێ و ناكۆكیەكانی نێوان میر قوباد و میر بەیرام تا لە لایەن هۆزی مزوری و خەڵكانێكی تر، لە ئاكامی داڕشـــتنی پلانێك توانیـــان میـــر قوبـــاد و كوڕێكی بكوژن، بەمشـــێوەیە میر بەیرام دەســـەڵاتی گرتەدەســـت(بدلیســـی، ١٩٧٣: ٢٦٥ )، واتە هۆزەكان هەموو دەســـەڵاتێكیان هەبوو، هاوكێشەكان هەمووی لەسەر هۆز و عەشیرەتەكان وەستابوون، ئەوكاتەی (قوباد خان چاوی لە دەسەڵات بوو، بەڵام لەبەر سیفەتی توندڕەوی جێگەی ڕەزامەندی هۆزەكان نەبوو، پشتیان نەگرت)(محەمەد، ٢٠١٨: ٥٧).

هۆزەکانی دەڤەری بۆتان کەوا پێکهاتەی میرنشـــینەکەیان پێکدەهێنا، بە تایبەتی هۆزی بۆتانی، کە شـەڕەفخانی بەدلیسی بە(نەترسی و ئازایی و مەردی و نەبەردی ناو بە دەرەوەن و گەورەو گچکە و نەناس و سـەرناسـیان ڕەشـید و دەسـکەرەوەن و لە مەیـدانـداری و ســوارچـاکـیـدا لە هەمـوو کـوردســتـانـدا هەر ئەوان زۆر لە سەرەوەن)(بەدلیسی:٣٧٣).

هۆزەکان بەشـێکی هێزەکەیان خۆیان پێی ناسـرا بوون و بەشـەکەی تریان لە میرنشینەکە وەردەگرت، بە واتایەکی تر بەهێزبوونی میرنشینەکە بەهێزبوونی هۆزەکە بوو، کزی و بێهێزی میرنشـینەکەش دەبووە مایەی کزی و بێهێزی هۆزەکەش، هەروەک ئاماژەپێدانێک، (زۆربەی هۆزەکان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، تا دەهات ســادە و سادەتر دەبوون، گەشەکردنیان بە پێچەوانەی ڕەوتە ئاساییەکەوە دەبزوا، بۆ نموونە خێلی تەییان وەک بەشــێک لە کۆنفیدراسـیۆنی خێلەکانی شــیللەت، لە پێشــدا لە بۆتەی میرنشینی بۆتان دا توایەوە، پاش دارمانی میرنشینەکە، ئەو کۆنفیدراسیۆنەهێدی هێدی لەبەریەک ڕەوایەوە، لقێکی تەییان دایە پاڵ کۆنفیدراسیۆنی چۆخسۆرەکان، هەر هۆزە و بۆ خۆی بە تەنها هەڵس و کەوتی دەکرد.....ئەورۆ هۆزی تەییـان چیـدی چەنـد عێلێکی بەراســتی یەککەوتە نییە و تاقە ســەرکردەیەکی مەزنیان نییە، قەبیلەکانی تەنها ماونەتەوە، پێکرا و تێکرا هیچ کارێک ناکەن)(برونەسن، ٢٠٠٣: ٧٠_٧١).

یەکێ لەو عەشــیرەتانەی کە پەیوەســتە بە میرنشــینی بۆتانەوە (بەختی)یە، میرنشینی بۆتان یا میرنشینی جەزیرە دێرینترین میرنشینە کە مێژوویەکی درەوشـاوەی هەبووە، لە سـەردەمی بوەیهیەکان تا ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەهەم کە دەوڵەتی عوسـمانی لەگەڵ میرنشینەکانی تر ڕووخاندی، ئەگەرچی بە شێوەی پچرپچریش بێت هەر مایەوە، مێژوونوسـەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە میرەکانی جەزیرە هەموویان سـەر بە عەشـیرەتی بەختی بوون، هەر ووتویانە میرنشــینی بۆتان، میرنشــینی بەختی یە و بەســەر ســێ قۆناغ دابەش دەکرێت:(توفیق، ٢٠٠٧: ٢٥ تا ٢٧)

١. قۆناغی یەکەم/مێژووی لە نێو سەردەمی عەباسی
٢. قۆناغی دووەم/مێژووی لە نێو سەردەمی دەسەڵاتی مەغۆل و تورک و تورکمانیەکاندا.
٣. قۆناغی سێیەم/مێژووی لە سەردەمی عوسمانیدا.

تەنانەت مەلای جزیری(١٥٦٨_١٦٣١)کە جەزیرە و پەیوەســـتبوونی ناوەکەی بۆ شـوێنی ژیانی دەگەڕێتەوە، ئەگەرنا خۆی لە عەشـیرەتی بەختی بوو، کە لە نێو جەزیرە و دەوروبەری بڵاوبوون.

له ڕووی سەربازییەوە هۆزەکان بڕبڕەی پشتی میرنشینەکان بوون، فراوان بوون و وێکهێنانەوەی قەوارەی هۆزەکانیش پەیوەستبوو بە هێز و شکۆی ئەو میرنشینانەی کە لێی بوون، هەرچەندە میرنشینەکە ئاسایشی تێدا بەرقەرار بوایە و ئابوورییەکەی گەشەیکردبا ئەوا زۆرتر هۆزەکان لە ئەنجامی پەیوەندیکردنی هۆز و تیرە لاوازەکان پێیانەوە فراوانتر دەبوون، دیارە کە دەستەبەرکردنی ئارامیی و ئاسایش وایدەکرد کە پرۆسەی بەشارستانی بوون و نیشتەجێکردن لە نێو هۆزە کۆچەرییەکاندا خێراتر بێ لە لایەک وخەستکردنەوەی چالاکی ڕوناکبیری و ئابوریش لە لایەکی دیکەوە(ئەسکەندەر، ٢٠١٦: ١٠٥).

لە نێوان کۆتایی سەدەی هەژدە و نیوەی سەدەی نۆزدەدا سێ بزوتنەوەی بەهێز لە کوردستانی گەورەدا بە دوای یەکدا هاتن بە مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی تەواو سەربەخۆ بەدەر لە هەموو کۆت و پێوەندێکی سیاسی و سەربازی و دارایی کە دەوڵەتەکانی ئێران و تورکیا بەسەر میرنشینە کوردییەکانیان سەپاندبوو، ئەم هەر سێ بزوتنەوەیەش سێ میری لاو سەرکردایەتیان دەکرد، کە ئەوڕەحمان پاشا لە میرنشینی بابان و محەمەد کۆرپاشا لە میرنشینی سۆران ومیر بەدرخان لە میرنشینی بۆتان بوون(ئەسکەندەر، ٢٠١٦: ١٢٩). کاتێ جیمس فالکس سەردانی هەرێمەکانی بابانی کرد، سێ ساڵ بەسەر مەرگی ئەوڕەحمان پاشا تێپەڕیبوو، ئەو تێبینی ئەوەی کردبوو کە هۆزەکانی جاف وازیان لە ژیانی نیمچە کۆچەری هێنابوو، ئەمە ببوە مایەی بڵاوبونەوەی کشتکاری و زۆربوونی گوند و دێهات لە ناوچەی شارەزوور(ئەسکەندەر، ٢٠١٦: ١٥٢)، جیمس فالکس ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ زیرەکی ئەوڕەحمان پاشا کە نەک هەر توانی پشتیوانی کۆنفیدرالیەی گەورەی جاف بەدەست بێنێ، کە سنوری لای ڕۆژهەلاتی بۆ قایم کردبوون، بەڵکو ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری زۆر بەرەو پێش برد، زۆر سودیشی لە ڕۆڵەکانی ئێلی جاف وەک سەربازی تایبەت وەرگرت، بۆ دروستکردنی لەشکرێکی بەهێز(سەرچاوەی پێشوو).

لاپەڕەیەکی تری بابانەکان فەقێ ئەحمەدە کە لەگەڵ برایەکی بە ناوی خدر بەگ نەیانتوانیوە لە بەرامبەر پاڵەپەستۆ و شەڕی هۆزی بلباس بوەستێتەوە، لەبەر ئەوە گوندی دارەشمانە بەجێدێلێت و دەچێتە ئەستەنبۆڵ و لەوێ بونەتە سەربازی عوسمانی و لە سەردەمی سوڵتان محەمەدی چوارەم(١٦٤٨_١٦٨٧).

فەقێ ئەحمەد لە چەند شەڕێکدا بەشداری کردووە و ئازایەتی خۆی نیشان داوە، ئەمە سەرنجی دەسەلاتدارانی عوسمانی ڕاکێشاوە و بە فەرمی گوندی دارەشمانەیان پێ

بەخشـــیوەتەوە، وەکو میری بابان توانیویەتی ناوچەی پشــدەر کۆنترۆڵ بکات و هۆزی بلباس بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی(بابان، ١٩٩٣: ٣٦)، محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ:ئەگەر فەقێ ئەحمەد داوای هەموو کوردســتانیشــی لە دەوڵەتی عوســمانی بکردایە پێی دەبەخشرا(زەکی بەگ، ٢٠٠٦: ٣٦)

دوای فەقێ ئەحمەد کە لە ســاڵی ١٦٦٤ مردووە، میرخان بۆداق ی کوڕی فەرمانڕەوایی وەرگرت، بەڵام لەساڵی ١٦٦٥ ناوەندی حوکمڕانی لە دارەشمانەوە گواستەوە بۆ ماوەت(هروتي، ٢٠٠٠، ١٣)

یەکێ لەو کارانەی کردی و(بنەمای سەرەکی حوکمڕانیەکەی سیاسەتی داپلۆسینی هۆزەکان بوو، ئەم سیاسەتەش ئەنجامی باشی لێکەوتەوە و چەندین هۆز چوونە ژێر باڵی پارێزگاری ئەو لەوانە هۆزەکانی_ئاکۆ، ئالان، بلباس_کە سەرجەمیان گوێڕایەڵیان بۆ میری بابان ڕاگەیاند)(محەمەد، ٢٠١٨ :١٣٣_١٣٤).

میرنشینی هەکاری بەسەر میرنشینەکانی دیکەی دراوسێکانی _بۆتان، بادینان، بدلیس و موکس_دەرکەوتوتر بووە، هێزی میرنشینەکە بە تایبەتی لە سەردەمی میر عیمادەدین سەرنجی دەوڵەتی عوسمانی ڕاکێشاوە(مراد و حەسەن، ٢٠١٧: ٦٢٥)، هەر خودی عیمادەدین کە فەرمانڕەوای میرنشینەکەی کردووە لە نێوان ١٦٣٤-١٦٣٩ز، کەسایەتیەکی ئازا و دلێر بووە، لە هەمان کاتدا شاعیریش بووە و نامەی شیعری لەگەڵ گەورەترین شاعیری کورد مەلای جزیری هەبووە(الزفنگی، ١٩٥٩:ج٢: ٥٩).

ساڵی ١٨٣١هێزەکانی سۆران(کە میر محەمەدسەرکردایەتی دەکرد)بە قوڵی چونە ناو ئەو ناوچانەی کە سەر بە میرنشینی بادینان بوون، وەک شێخان و قوش تا پایتەختە سیاسیەکەشی داگیر کرد، کە ئامێدی بوو، میر محەمەد هێندێ هاوپەیمانی لەگەڵ سەرۆک هۆزەکان کرد، لەوانە سەرۆکی هۆزی بەهێزی مزوری بوو(ئەسکەندەر:١٩٩)، هۆز و عەشیرەتەکان بە پێی پێگەکەیان لە هەموو لایەکەوە بونەتە پردێک بۆ ڕایی کردنی مەرامە تایبەتیەکانی هەم ئەوانەی ناوەوە و هەمیش هێزە دەرەکییەکان، ئەوەتا میر محەمەد(لە دەسپێکە بەراییەکانی هەرێمی سۆران، پشتی بە جەنگاوەرانی سورچی و خۆشناو بەستبوو، پاشان کەسانی هۆزەکانی دیکەی هێنا لەوانە :شکاک و ئەتروشی، سەرەنجام میر محەمەد فراوانتر توێژە کۆمەڵایەتیەکانی بە سەرباز گرت تا ڕادەی ئەوەی کوردەکان هۆز و غەیرە هۆزیشی گرتەوە لەوانە جوتیارەکان(سەرچاوەی پێشو:٢٠٢)، محەمەد پاشای کۆرە(١٨١٣_١٨٣٦)(کۆرە لە نێو کورد دا جنێوە ناشێت ڕاستەوخۆ و بە شێوەیەکی ئاسایی بەم پاشا بە هێزە وترابێت

کۆرە )، هەرچەندە جەمال نەبەز دەڵێ: میر محەمەد چەندین ناوی هەبووە پێی بەنابانگ بووە، لەوانە: میری گەورە، محەمەد پاشای ڕەواندزی، پاشای گەورە، میری کۆرە، بەڵام ئەم نازناوەی دواییىی کە کۆرە بوبێت، چونکە لە چاوێکیدا جۆرێک لە نابینایی تیادا هەبووە(نەبەز، ٢٠١٩، ٥٤_٥٥)، هەمیشـــە چاوی بڕیبووە ئەوەی میرنشـــینەکەی هەردەم فراوانتر و بەهێزتر بکات، بۆیە توانی(عەشـــیرەتەکانی شـــێروان و برادۆســـت لەگەڵ عەشـــیرەتەکانی ســـورچی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بابانەکان لە حەریر دەربکات و دەســـت بەســـەر هەولێریش دابگرێت و عەشـــیرەتی دزەیی بخاتە پاڵ خۆی، تا گەیشـــتە ئـــاڵتون کۆپری و کۆیە و ڕانیە، زێی بچوک(زێی کۆیە)هێڵی نێوانیـــان و نێوان بـــابـــانیەکـــان بوو)(زکی، ١٩٤٨: ٤٠٦).ئەم فراوانبوونەی دەســـەڵاتی میر محەمەد عوســـمانیەکانی توشـــی دڵەڕاوکێ کردبوو، بۆ ئەم مەبەســـتە ســـوپایەکی گەورە بە ســـەرۆکایەتی محەمەد ڕەشـــید پاشـــا و یاوەری هەریەک لە عەلی ڕەزا پاشـــا والی بەغدا و مەحمود پاشـــا والی موســـڵ و ســـەدری ئەعزەم، دوای ئەوەی ســـەدری ئەعزەم دەســـتیان بەســـەر ناوچەی بادینان گرت، بەرەو ڕەواندز هەنگاویان نا، زۆربەی زۆری ســـوپای ســـەدری ئەعزەم و عەلی ڕەزا پاشـــا لە عەشـــیرەتە کوردەکان بوون(بڕوانە:سەرچاوەی پێشو: ٤١٣_٤١٤)هێشتا لە ترســـی ئەوەی دووبارە دەســـەڵاتەکەی بنیادنەنێتەوە، بە فرۆفێڵ کوشـــتیان، ئەمە و فتواکەی مەلای خەتێ کە دوا موفتی میرنشینی سۆران بووە، بۆ نزیکەی ٧٠ ساڵێک بە ناپاک ناوزەدیان کردووە و مێژوو زوڵمێکی زۆری لێکردووە، چونکە(ڕووخانی میرنشینی سۆران لە ئەنجامی هۆکاری دەرەوە و ناوەوە بوو، نەک بە فتوای مەلایەکی وەکو مەلای خەتێ)(حەمە کەریم، ٢٠٠٦: ٢٥)کە چەندین ســـەربوردەی تر بوونەتە بەشـێکی گرنگی هەم مێژوی کورد و هەم بـــابەتە فۆلکلۆرییەکـــان، هەرچەنـــدە خەتێ بۆ نـــاوی گونـــدی خەتێ دەگەڕێتەوە، نەک عەشـــیرەتێک بەم ناوە هەبێت، د.زرار ســـدیق لەمبارەیەوە دەڵێ:( هیچ عەشـــیرەتێک لە نێو مێژوودا بە ناوی خەتێ باســـی لێوە نەکراوە، جگە لە _ئیبن ئەثیر _نەبێت، دەڵێ:ئەبا هیجائی ســـەمین کەلە گەورە ســـەرکردەکانی ســـوڵتان سەلاحەدین بوو، لە کوردەکانی خەتێ بوو، دەشێ خەتێ لە ناوجەرگەی هۆزی حوکمیە بێت، کە هۆزێکی گەورەن لە هەولێر، خەتێ ئێســـتاش گوندێکی ئاوەدانە و لە ســـەدەی نۆزدە نـــاوبـــانگێکی زۆری هەبوو، بە هۆی ئەو ڕۆڵەی کە _مەلا محەمەدی خەتێ_لە ڕووداوەکانی میرنشـــینی ســـۆران هەیبووە)(توفیق: ٩٢)، مەلا محەمەدی خەتێ گەلێ بیروبۆچونی هەمەجۆری لە بـــارەوە داڕێژراوە(بڕوانە:بەحرکەیی، ٢٠١٩)هەروەهـــا بۆتە ڕەمزێکیش لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا.

ڕوخانی میرنشـــینی ســۆران ناکەوێتە ئەســتۆی مەلای خەتێ، کە پێی تاوانبار کراوە، بەڵکو(یەکێ لەو خاڵانەی بوونە هۆکاری کۆتایهاتنی میرنشـینی سـۆران، کە زۆربەی هۆکارەکان لە ســـەردەمی میر محەمەدەوە دەســـت پێدەکات، لەدەســـتدانی ئەو یەکێتییە سـیاسـیە بوو کە میرنشـینەکە لە سـەردەمی میر محەمەد پەیدای کردبوو، چونکە لە دوای ئەو چەندین هۆز پشـتیان لە میرانی سـۆران کرد و ململانێ و ڕکابەری لە نێوان چەند هۆزێک و بنەماڵەی میرانی ســـۆران ڕوویدا لەوانە هۆزەکانی ئاکۆیی و زێباری و شێروانی)(محەمەد: ٢٣٥)

دەسەڵاتدارانی تورک هەمیشە لە ڕێگەی هۆزەکانەوە ڕێگەی خۆیان کردۆتەوە و توانیویانە بەکاریان بهێنن، یا تۆوی دووبەرەکیان لە نێواندا بچێنن، یا بە گژیەکیاندا ببەن، یا هەر ڕاستەوخۆ پیلانی ڕووخانیان دابرێژن، بۆیە دەسەڵاتی تورک لە ڕێگەی لێدان لە هۆزە گەورەکان و زیانگەیاندن بە لایەنی ئابوریانەوە توانی خودی میرنشـــینەکان لەناو ببات، چونکە ئەم هۆزانە دەسەڵاتی ڕاستەقینە و هێزی تەواوی میرنشینەکان بوون، خاڵێکی دیکەی جگە لە تواندنەوە و لەناوبردنی هۆزەکان ئەوەبوو کە(دەســەڵاتدارانی تورک پەنـایـان بردە بەر جێبەجێکردنی گۆڕانکـاری ئیـداری لە نـاوچە کوردییە لکێندراوەکاندا، جێ نزرگەی ئەسڵی هۆزەکانی ئەتروشی لە نێوان دوو تا سێ ناوچەی ئیداری دابەشـکران، کە لە نێوان دوو ویلایەتی جیاوازدا بوون(ئەسـکەندەر:٢٩٤)هەروەها میللی و کاید لەو هۆزە گەورانە بوون کە لە لایەن لەشـــکری تورکەوە پەلاماردران و تالانکران، ئەم دوو هۆزە وەک هۆزە گەورەکانی دیکە ژمارە و ســـەروەت و ســـامانیان بەشـــێوەیەکی زۆر کەمبۆوە، .....هۆزە ئێزیدیەکانیش زیاتر لە هەموو هۆزەکان لە ڕووی ژمارە و ســامانەوەو لە ئەنجامی کردەوە ســەربازییەکانی تورک دووچاری شــکســت بوون(سەرچاوەی پێشو:٢٩٣).

لە لایەکی دیکەشـەوە باج و خەراجی کردبوە پاسـاوێک بۆ دابڕینی هۆزەکان لە یەکتری، کە لە ڕێگەی کوردەوە ئەم کارەی ئەنجام دەدا، بۆ نموونە(لە ناوچەکانی ناوەڕاستی کوردستانی عوسمانیدا، والی شارەزور کە لە موسڵ دادەنیشت نیعمەت ئاغا ســـەرۆکی هۆزی زێبـاری کردە نمـاینـدە بۆ وەرگرتنی بـاجی جۆراوجۆری تـایبەت بە کشـتوکاڵ و ئاژەڵ لەو هۆزە کوردانەی دەوروبەری وەک برادۆسـت و شـێروان گەردی و شــەمدینان)(ســەرچاوەی پێشــو، ٢٩٤)، بەم کارەیان ڕق و کینە پەرەیســەند و بووە مایەی ناکۆکی لە نێوان هۆزەکاندا.

هەر بەوەندەش نەوەستان بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی هۆز و نەهێشتنی هێز و شکۆی هۆزەکان، خەریکی بەسەربازکردنی گەنج و لاوی هۆزە کوردییەکان بوون، بەڵام نەیانتوانی ڕێژەیەکی زۆر کۆبکەنەوە، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم (دوای شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، دەوڵەتی عوسمانی پێویستی بەوەبوو سستێمی عەشیرەتگەری لە کوردستان بەهێز بکات، سوارەی حەمیدیەی دامەزراند_کە ناوەکە بۆ سوڵتانی عوسمانی عەبدولحەمیدی دووەم(١٨٤٢_١٩١٨)دەگەڕێتەوە_(علی، ٢٠١٠: ١٦)بۆ ئەم مەبەستە هەر لە ژێر سەرکردایەتی سەرۆک هۆزەکاندا پێکیهێنان(ڕژێمی بەعس لە هەشتاکان لە عێراقدا بە هەمان شێوە جاشی لە ڕێگەی ئاغا و سەرۆک عەشیرەتەکاندا دروستکرد، ئەمە ڕاستی ئەوە دەردەخات کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە)، گرنگ نەیانتوانی بە تەواوی دووربکەونەوە لە بیرۆکەی فەرامۆشکردنی هۆز و سەرۆک هۆزەکان.

دوو سەرۆک هۆز لە ڕێگەی فەرماندەیی سوارەی حەمیدیەوە هێند پلەوپایەیان باڵا ڕۆیشت، کە پاشان خۆیان بوونە مەترسی و هەڕەشە بۆ وولاتەکە، یەکەمیان:مستەفا پاشای میران، لە نێو هەموو سەرۆکهۆزەکانی میرنشینی بۆتان دا، ئەو تاکە سەرکردە، بوو، کە کرایە قوماندانی سوارەی حەمیدییە و نازناوی پاشای درایە، سەرۆکی گشت هۆزەکانی دیکە، ئەوانەی کرانە ئەفسەر گشتیان پلەوپایەی لەو کەمتر و نەویتریان درایە، ....تەنانەت لە شاری جەزیرەش هەموو شتێک بە دەستی مستەفا پاشا بووە(برۆنەسن، ٢٠٠٣: ٧٩_٨٠)، دووەمیان: ئیبراهیم پاشای سەرۆکی کۆنفیدراسیۆنە گەورەکەی میلان بوو، نوسەرانی تورک و بێگانە نێویان وەک جەردە و سالووکێکی ئەفسانەیی هێناوە و شۆرەتیان پێداوە جا بە ڕاستی _پاشایەکی بێ تاج و تەختی کوردستان بوو(سەرچاوەی پێشو:٨١)، میلان یەکێک بووە لە هۆزە بەناوبانگەکان، تەنانەت(لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، میلان لە چەندین هۆزی جۆربەجۆر پێکهاتبوو، لە تەک هۆزە کوردە سوننی و یەزیدییەکاندا، بڕێک هۆزی عارەبیش لەو کۆنفیدراسیۆنەدا بەشداربوون، ....دەگێڕنەوە گوایە گشت هۆزەکانی کوردانی ئەمڕۆ لە دوو هۆزە ڕەسەنەکەی میل و زیل، یاخود _میلان و زیلان_کەوتونەوە، گەلەک هۆز ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر یەکێک لەو دوو هۆزە(سەرچاوەی پێشو).

ژمارە و تیرە و هۆزە یەککەوتووەکانی کۆنفیدراسیۆنێکی وا نێودار بە بیست و چوار هۆز دادەنرێت، ڕەنگە ژمارەکە واتایەکی ئەفسووناوی هەبوبێت، گوایا هۆزە تورکە یەککەوتووەکانی ئۆغوزیش بیست و چوار تیرە بوون، هەرچەندە کۆنتر باس لە نۆ تیرە کراوە، شەرەفنامە باس لە بیست و چوار تیرەی کورد دەکات، کە لە سەردەمی

تەهماسب دا  چونە ژێر سایەی قەرەباغە فارسەکانەوە و کۆنفیدراسیۆنی(ئیگرمی دۆرت) یان پێکهێناوە، کە ووشەیەکی تورکییە و بە واتای بیست و چوار دێت، ئەو هۆز و دەستە و تاقمانەی کۆنفیدراسیۆنەکەیان پێکهێناوە، بریتین لە:

چۆخسۆر ↔ میران، ددووران، عەلیخان، سۆران، گاریسان.

شیللەت ↔ باتوان، کچان، تەییان، خەریکان، موسێ ڕەشان.

حاجی بەیران ↔ پیرتێ، گیتەیان، هەڤێری(هەرسێک ڕەوەندن)، گۆیان(نیوە کۆچەرن)، ئەمە جگە لە جوتیارە کورد و ئەرمەنە ناخێلەکیەکانی شیرناخ و سلۆپی.

دەهی ↔ گاریسان(ڕەوەندن)، دێرسەڤی، فەسخێری، ئەروخی، چووفی، گیلان

(بڕوانە:شەرەفنامە    بە فارسی:٣٤٨تا ٣٥٤).

لە سەدەی نۆزدەهەمدا میرنشینەکان یەکە یەکە هەڵتەکێندران، وەلێ لەسەر ئاستێکی نزمتر، جۆری دەسەڵاتی ناڕاستەوخۆ هەر بەردەوام بوو، .....سەردەمی سەرۆکهۆزە مەزنەکانیش تێپەڕی و بەسەرچوو، ....، تەنها ئاغای گوند و مەزنی باڤک ئەرکە سیاسیەکان جێبەجێ دەکەن(برونەسن، ٢٠٠٣: ٩١_٩٢).

هۆزەکان بە تایبەتی هۆزە بەهێزەکان کاریگەرییەکی زۆریان هەم بۆ بنیادنان و سەرکەوتن، هەم بۆ شکست و دۆڕانە سیاسیەکان هەبووە، نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە سەرەتای دامەزراندنی گەلێک لە میرنشینەکان دەگەڕێتەوە بۆ بنەچەیەکی عەشیرەت ئامێز، بۆ نموونە میرنشینێکی وەکو ئەردەلان بنەچەی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی گۆران، لە پاڵ چەندین نمونەی دیکەی هاوشێوە.

**٣_ پەیوەستبوونی مێژوو و ئەدەبی فۆلکلۆری**

ئەدەبی فۆلکلۆری وەک چۆن بناغەیەک بووە بۆ ئەدەبیاتی کوردی، بنچینەیەکیشە بۆ خوێندنەوەی ئەو بابەتە مێژووییانەی هەلقەی بزری تێدایە یا پرسیاری بێ وەڵام لە خۆ دەگرێت، پرسیارە جەوهەرییەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا فۆلکلۆری کوردی توانیویەتی ئەم بۆشاییانە پڕ بکاتەوە کە لە مێژوودا هەن، پێچەوانەکەیشی بە هەمان شێوە.

یا ئایا دەکرێ بڵێین فۆلکلۆر و مێژوو تەواوکەری یەکترن، لە کاتێکدا مێژوو زانستێکی سەربەخۆیە و فۆلکلۆر بەرهەمی زارەکی نەتەوەیە و بە پێی زەمەن گۆڕانکاری و زیاد و کەمی هەبووە؟

بایەخدان بە فۆلکلۆر و کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی وەکو زانستێکی ئەدەبی درەنگ دەستی پێکرد، پێشتر ئاماژەمان پێدا کە بێگانەکان پێش خۆمان بایەخیان پێداوە، لەگەڵ بزوتنەوەی ڕۆمانسی نەتەوەیی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم سەریهەڵدا، دەستیپێکرد، بە مەبەستی دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، ئازاد ئەسلان دەڵێ: هەردوو چەمکەکە فۆلکلۆر و نەتەوە پەیوەستن بە یەکەوە(pertew,2015: 112)، هەر لەبەر ئەوەشە کە هێندە کاریگەریی لە نێوان فۆلکلۆر و مێژودا بەدیدەکرێت.ئەلکساندەر ژابا بالیۆزی ڕوسیا لە ئەرزەڕۆم لە نێوان سالانی(١٨٤٨_١٨٦٦)بەشێکی باشی بابەتە فۆلکلۆرییە کوردییەکانی کۆکردەوە کە نزیکەی ٦٠ دەستنوس دەبێت، ٥٦ یان بە زمانی کوردی و ٤ بە زمانی فەرەنسی و جگە لە ٣ بەرهەم بە زمانی تورکی(سەرچاوەی پێشو: ٢٢٥)، کە بەشێکی کارەکانی بە هاوکاری(مەلا مەحمودی بایەزیدی)(١٧٩٧_١٨٦٣)، کە خۆیشی چەندین بابەتی گرنگی نوسیوە وەک:عادات و رسومەتنامەی ئەکرادیە، کە بەشێکی لە بارەی پەیوەستبوونی کورد بە چەک و ئەسپەکەی و باسکردنی ناکۆکی عەشیرەتەکان و تۆڵەکردنەوەیە.

بەشێکی زۆری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لە قوڵایی مێژووی کورد و شەڕوشۆڕ و ڕووداوە مێژوییەکاندا سەریهەڵداوە، بە واتایەکی تر لە هەناوی مێژوو سەرچاوەی گرتووە، بەشەکەی دیکەی هەڵقوڵاوی لایەنە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان و بیروباوەڕ و چۆنیەتی مامەڵەکردنەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی بووە، هەر لەبەر ئەوەیە بۆتە ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند و چڕوپڕ، سەرباری زمانە هونەرییە پاراوەکەی، تێیدایە شانازیکردنە بە سەرکەوتن و تێیدایە تراژیدیایە.

ئەمە جگە لەوەی جاری وا هەبووە شاعیرێکی میللی چەشنی مێژونووسێک ڕۆڵی گێڕاوە، هەروەک :( عەلی بەردەشانی، شاعیری میللی مێژونوسی ڕاپەڕینەکانی عەبدولڕەحمان پاشا بووە بە شیعر، بە شیعرەکانی باسی ئازایەتی و قارەمانێتی میرەکانی بابانیشی دەردەبڕی باسی ئەوڕەحمان پاشا و شەڕەکانی بە هەڵبەست بڵاو دەکردەوە و هەستی میللی پێ ئەخرۆشان)(مستەفا ڕەسول، ١٩٧٣: ٣٨)، ئەگەر ئەوانەی سەرەتا بەیت و داستان و لاوکە مێژوییەکانیان دارشتوە دیار بان چەشنی عەلی بەردەشانی، ئەوانیش دەبونە مێژونوس بە شێوازێکی تر.

کەواتە (یەکێک لە هۆکارەکانی دەوڵەمەندبوونی فۆلکلۆری کوردی ئەو جەنگ و شەڕوشۆڕانەیە کە لە مێژووی کوردستاندا ڕوویان داوە و ڕەنگدانەوەی فرە و دیاریان هەبووە بەسەریدا)(نورەدین، ٢٠٠٧: ١٩_٢٠، پەراوێزی ١٠)، بۆیە کاریگەری و

دروستبوونیان دووسەرەیە و مێژوو و بابەتە فۆلکلۆرییەکان هێندە بە ناو یەکدا چوون، جاری وا هەیە وەک چوارچێوەی یەک بابەت مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.جگە لەوەی (فۆلکلۆر بۆ خوێندنەوەی هەموو ئەو بابەتانەی لە فەرهەنگی کوردیدا بزرن و تۆمار نەکراون سەرچاوەیەکی بێگەردە)(نورەدین: ١٩)

بابەتە فۆلکلۆرییەکان کارییان لە مێژوو زیاترە، چونکە پڕن لە ترپە و هەست و هەمەڕەنگی هەستەکان، کەچی مێژوو و گەڕانی بە دوای ڕاستیەکان خستویەتیە قالبێکی تا ڕادەیەک ووشک و بێ جولە، هەرچەندە کاریگەرییەکی زۆریشیان لەسەر بابەتە فۆلکلۆرییەکان جێهێشتووە، بەڵام بە هۆی هەبوونی ڕەگەزە ئەدەبیەکانی دیکەی بابەتە فۆلکلۆرییەکان سیمای مێژووەکەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئەولیا چەلەبی لە باسکردنی ڕۆشنبیری عەبدال خان دەڵێ: (حەفتا و شەش بەرگ کتێبی فارسی و عەرەبی و تورکی کە لە دانانی خۆی بووە، لەگەڵ سەدوپێنج پارچە نامیلکەی جۆراوجۆر کە زۆربەیانی بە زمانی فارسی نوسیبوو)(چەلەبی: ٢٨٤_٢٨٥)کە دوای شکستەکەی کەوتە بەردەست عوسمانیەکان و هەڕاج فرۆش کراون (نورەدین:٢٠٢)، ئەمە چەند بابەتێک دەوروژێنێ یەکەمیان:ڕۆشنبیرە کوردەکان بیریان بۆ نووسین بە زمانی زگماکی خۆیان نەچووە، بە هەر هۆکارێکەوە بوبێت.

دووەمیان:ئاکامی خاڵی یەکەم فەرامۆشکردنی بابەتە فۆلکلۆرییەکانی لێ کەوتۆتەوە، ئەوە ئەوەمان پێدەڵێت:کە ڕۆشنبیر بوون بێ هۆشیاری نەتەوەیی ئەو بەرهەمەی نابێت کە دواتر ببێتە بەشێک لە ناسنامەی نەتەوەیی، ئەگەر ڕۆژهەڵاتناسەکان نەبوونایە ئەوەندە بەرهەمە فۆلکلۆرییەی ئەو کات و سەردەمانەمان بە دەست نەدەگەیشت، چونکە کوردەکان خۆیان بابەتە فۆلکلۆرییەکانیان کۆنەکردۆتەوە، بە هۆی ڕێژەی زۆری نەخوێندەواری و جۆری کارکردنیان کە بەردەوام خەریکی کشتوکاڵ و مەڕداری بوونە، تەنیا ئەوەندە هەیە دەبێت لە کاتی گوێگرتنیان چێژێکیان لێ وەرگرتبێت.

لە کاتێکدا گەلێک لە ڕۆژهەڵاتناسان سەرسامی خۆیان بەرانبەر ئەو ئەدەبیاتە دەربڕیوە، بۆ نموونە مینۆرسکی کە ئاماژەی بە داستانی قەڵای دمدم و داستانی نەتەوەیی مەم و زین داوە، کە گێڕانەوەی سەربوردەی دوو عاشقە بە هۆی جیاوازی چینایەتی بەیەکنەگەیشتون، ئەو (مەم و زین)ەی یا مەمی ئالان کە ئەحمەدی خانی( ١٦٥٠_١٧٠٧ )لە سەدەی حەڤدەهەم شاکارێکی لێ درووست کردووە، (داستانێکی خۆشەویستی هاوشێوەی ئەم داستانەی مەم و زین ی ئەحمەدی خانی_کە نازناوی خانی ناوی

دێیەکەیانە_لەو سەردەمەدا لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیدا بە ناوی مەمی ئالان بەربڵاو بووە، ڕەنگە ئەحمەدی خانی بۆ نووسینی مەم و زینەکەی سودی لێوەرگرتبێ، .......تا ئێستا دەستنوسێکی ئەم چیرۆکی مەمی ئالانە نەدۆزراوەتەوە، کە لە مەم و زینی خانی کۆنتر بێ، لە ڕاستیشدا ئەحمەدی خانی لە دوو نیوەدێری داستانەکەیدا شوێنپێی ئەوە دەستنیشان دەکا کە چیرۆکی مەم و زینی سەر لە نوێ دارشتۆتەوە و بووژاندویەتیەوە)(فازیل، ٢٠٢٢: ١١)کاتێک دەڵێ:

شەرحا غەمێ دڵ بکم فەسانە

زینێ و مەمێ بکم بەهانە

ئەمەش بەڵگەیە کە گێڕانەوە فۆلکلۆرییەکە پێشی خانی هەبووە، لەمبارەیەوە و بۆ پاڵپشتی ئەمە (محەمەدئەمین زەکی بەگ )یش دەڵێ: غەزەلیات و قەسائیدی تەرمۆکی و مەم و زینی ئەحمەدی خانی و داستانە بە باوەکانی بەعزێ شاعیرانی کوردیش، هەر لەسەر ئەم فیکرە نوسراوە و هەڵبەستراوە، لام وایە لەسەر پێگەیشتوانی ئیمڕۆی قەومەکەش فەرزە کە ئەم شوێنە کوێر نەکەنەوە، خەواریقی ئاسار و ئەعمالی پێشینانیان لە نەسلی حازر بگەیەنن(سالح، ٢٠٠٥: ٩٣_٩٤)، کە مەبەستی زیندووکردنەوەی پێشینیان و گەیاندنیەتی.

مەم سەر بە عەشیرەتی ئالانی بووە، یەکێکە لە ناوچەکانی کوردستان کە مەغۆلەکان لەسەرەتای سەردەمەکەیاندا نوێیان کردەوە و بریتییە لە قەڵایەک و ناحیەیەکی سەر بە ویلایەتی درتنک(حەلوانی کۆن)و موڵکداریێتی میرەکانی درتنک بووە، ئالانی یەکێکیشە لە هۆزەکانی لوڕستانی بچوک(توفیق، ٢٠٠٧: ١٨)، بەسەرهاتی مەم و زین لە جەزیرەی بۆتان بووە، نزیکەی ساڵی ١٣٩٣ز ڕووداوەکە لە کۆشکی میری جەزیرە (میر زەینەدین) سەریهەڵداوە، وڵاتی کوردان لەوکاتەدا و دوای ئەم سەردەمەش تا ناوەڕاستەکانی سەردەمی عوسمانی دابەش ببوە سەر چەندین میرنشین، کارگێڕی هەریەک لەمانە میرێک بەڕێوەی دەبرد، داستانی مەم و زین کە خوێندنەوەیەکی تەواوی کۆمەڵگەی کوردیی جەزیرەی بۆتانە، پایتەختی میرنشینی بۆتان، وەک:پێگەی کەسەکان و بازرگانی و.....هتد، کە هەر خۆی شاری جەزیرە ناوەندێکی گرنگی بازرگانی بووە.

مەم و زین تەنیا داســــتانێک نییە، بەڵکو لایەنی ئەفســــانەیشــــی تێدایە، چونکە(هەر خۆی لەدایکبوونی مەم، لە دایکبوونێکی ئاســــایی نییە و لە ســــێوی بەهەشت درووست بووە,خودا ناوی ناوە)(حەبیبی، ٢٠١٢: ٧٧).

ئەگەر بەکر مەرگەوەڕ نەبوایە کە نەیهێشتووە میر زەینەدین خوشکی خۆی زین بداتە مەم، ئەوا بۆ یەکدەبوون، تەنانەت کار گەیشــــتۆتە ئەوەی کە زەینەدین میر مەم بخاتە زیندان لە بورجی بەلەک، بۆیە ئەو بەشــــە پێی دەوترێت(زیندانی مەم و زین)، بورجا بەلەک بۆ کورد بەهایەکی سیاسی، مێژویی، ڕۆشنبیری هەبووە، لە سەردەمی میر بەدرخــان دا نــاوەنــدی بەڕێـوەبەریـی مـیـرایەتـی کـورد بـووە لە بـۆتــان، بە هـۆی بیناســــازییەتاییەتیەکەی و تێکەڵکردنی ڕەنگی ڕەش و ســــپی دیمەنێکی ســــەرنج ڕاکێشــــی دروســــتکردووە، بڕیارگە و ناوەندی دەســــەڵات، مزگەوت، زیندان و شــــوێنی وانەووتنەوەیشی تێدابووە، دوای شەڕی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و میرایەتی بۆتاندا، بورجا بەلەک بۆ ماوەی ١٦٣ ساڵ کراوەتە بارەگای سەربازی، ئەحمەدی خانی لە مەم و زینەکەی وەســــفێکی ووردی کۆشــــکی بورجا بەلەکی کردووە(بڕوانە:بۆتانی، ١٩٨٨: ١٣٢)، ئەسـعەد عەدۆ چیرۆکی بورجا بەلەکی لە کتێبەکەی(لیرەیەک لە گەنجینەی نەتەوەی کورد)بڵاوکردۆتەوە، کە کــاتێـک ئەحمەد پــاشــــا دەســــتی کردووە بە ســـەرپەرشـتکردنی بۆتان و دروســتکردنی قوتابخانەو جبەخانە و نەخۆشـخانە، هەروەها کۆشکێکی جوان و بڵندی بۆ ڕەمزیە خان لەناو رووباری جزیرە لە شێوەی سێگۆشەیی لە مەترســی شــەپۆلی ئاو دروســت کرد و بە ناوی بورجی بەلەک دەنگی دایەوە، گوایا دوای کوشتنی ئەحمەد پاشا ڕەمزیە خان لەسەر بورجەکە خۆی هاوێشتۆتە ناو ڕووبارەکە و ئەو قســانەشــی کردووە:لە پاش بەژن و بالای ئەحمەد پاشــای بۆتان دونیایێ ڕوونم لێ حەرام بێ(بڕوانە:بۆتــانی:١٣٦_١٣٧)، بە بۆچونی د.عەبـدولفەتــاح عەلی یەحیـا بۆتــانی چیرۆکی بورجا بەلەک ڤەدگەڕە ڕۆژێن بلند و ڕوهنی د ژیانا میرنشینی یا بۆتان دە، چێ دبە کو ڤەگەڕە چاخ و دەمێ هەردوو شــــاعرێ مەزن جزیری و خانی ئو دیرۆکڤانێ ڤەدرگران شــــەڕەفخانێ بدلیســــی، ژ بەر کو د چاخ و دەمێ وان دە میرنشــــینیا بۆتان ب پێشکەتن و مەزناهیا خوەڤە شەوق ڤەددا(سەرچاوەی پێشوو:١٣٨)،

ناوی بورجا بەلەک لە نێو گەلێک سـتران و چیرۆک و داسـتاناندا ڕەنگی داوەتەوە، وەک:

وەختێ ئەساسێ بورجا بەلەک هەر ددانی
هۆستا کاران بەر دبڕی شاگردا بەر دبرن بانی
میر شەمدین ب سێ بانگ دکر هۆستاکاران
مالا وە ب خانی خودێ بی
هنگ سەری و ڕو ئەساسی بورجا بەلەک
قازان و قازان باشیا دانێنە ڕا سەری وی شەتیانی
ئەڤجا مالا وە بە خانی خودێ بی سەرێ بورجا بەلەک
قازان و قازان باشیا دانن سەقلانێ
مەما هەی سەرێ وی شەتیانی........(بۆتانی، کاروان، ژمارە ٢٩)
لە شوێنێکی دیکەدا هاتووە:
جزیرا سەد مجارا ل من جزیرە
د سەردا بورجا بەلەکە
د بن دا ڕەزکۆکێ میرە
حەیفا من لەوێ حەیفێ تێ
ئولداش بەگێ دەستێ میر محەمەد گرێ دا
هاڤێتێ شەتیانی پیرا..................(بۆتانی، ١٩٨٥: ١٤٢)

تاوەکو ئێستاش ناوی بورجا بەلەک دەدرەوشێتەوە و زیندوو و چالاکە

یک داکەت ب بورجا بەلەک
حۆری پەری چاڤ بەلەک
ب کەزیێ ڕەش پۆڕێ خەلەک
مەە ژ مە کار کر گەلەک
گەلۆ بێژە کا ئەو کی بوو
نەبە یەکە بۆتی بوو
یان یەکە ئامەدی بوو
یان ژی ئەو سەرهەدی بوو
ناوەڵلا باتمانی بوو

بابەتێکی تر کە لە نێوان مێژوو و فۆلکلۆردا ئەمسەر و ئەوسەر دەکات، (مەمۆ)یە کە دەیگەڕێننەوە بۆ ١٦٣٩، مێژویەکی دێرینی بەتایبەتی لە جەزیرەی ڕۆژئاوا و بۆتاندا هەیە، مەمۆ کوڕی قەپلان ئاغا بووە، سێ مانگ بوو هاوسەرگیری کردبوو، باوکی مردبوو، دایکی کە ناوی عایشە بوو بنەوانی بوو، لەو کاتەدا پیاوەکانیان دەبرد بۆ سوپای ئینکشاری عوسمانی، کە چونیان هەبوو، گەڕانەوەیا سەخت بوو، مەمۆی زاوای سێ مانگیشیان برد بۆ سوپای ئینکشاری، مەمۆ ڕۆیی و حەوت ساڵ دیار نەما، دوای ئەمەمۆڵەتێکی بۆ ڕێکدەکەوێت بگەڕێتەوە ماڵێ، ئێوارە دەبێت کە دەگاتەوە وڵاتی بۆتان و ژنەکەی دەبینێت کە خەریکی نانکردنە، گفتوگۆیەک لە نێوانیاندا دروست دەبێت، و دواتر خۆی ئاشکرا دەکات، ژنەکەی دەڵێ با هەواڵ بدەمە دایکت کە تۆ گەڕایتەوە، بەڵام مەمۆ ڕەتیدەکاتەوە و دەڵێ:دایکم دوای ئەو هەموو ماوەیە بەرگەی ئەمە ناگرێ، بەیانی هەواڵی پێدەدەین، کاتێک دایکی هەڵدەستێت، دەبینی ئەسپێک لە حەوشە بەستراوەتەوە و تەماشا دەکا بوکەکەیشی لەگەڵ پیاوێک نوستووە، ئیتر خەنجەرێک دەهێنێ و مەمۆ دەکوژێت بێ ئەوەی بزانێت ئەمە کوڕەکەی خۆیەتی، بە هۆی جلەکانی سەربازی نەیناسیوەتەوە، ئینجا دەست دەکا بە لاواندنەوەی و دەڵێ:

هەی هەی مەمۆ
عەباسی خۆش عەباسی
هەی هەی مەمۆ
کورتەک ل سەر کراسی
دایک کۆر بوو نەناسی
هەی هەی مەمۆ
مەمانی خۆش مەمانی
هەی هەی مەمۆ
مەمی نەسلی قەبلانی

گەلێک بیروڕا لە بارەی عەباسی هەیە کە پێیان وایە ئەمە عەباسی گوندی تەلۆ نییە و هەروەها عەشیرەتی عەباسی ناوچەی ئالیان یش نییە، بەڵکو کورد دەڵێ:حەوت ساڵی عەباسی دەرباز کرد، واتە بە زەلیلی و هەژاری.

قەڵای دمدم یەکێکی دیکەی ئەو بابەتانەیە کە مێژوو و فۆلکلۆر و تەنانەت ئەدەبی میللی و نوسراویش بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەو قەڵایەی هەمیشە دژی داگیرکاران جەنگاوە، دەکەوێتە خوارووی ئورمیە نزیک ڕووباری براندوز، شا عەباسی

ســــەفەوی بە هۆی ناپاکی کەســــانێک لە کورد توانی قەڵاکە داگیر بکات، (دمدم قەڵایەکی ســەرۆکی عەشــیرەتی برادۆســت بووە، ئەم عەشــیرەتە لە ناوچەکانی ورمێ و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و هەندێ شوێنی تر نیشتەجێ بوون )(هوشیار، ٢٠١٥ ١٠٤)گەلێک لە ڕۆژهەڵاتناســان لەوانە مینۆرســکی ئاماژەی بە واقیعیەتی ڕووداوەکان داوە، ئەم ڕووداوە بۆتە مایەی مانەوەی ئازایەتی و نەبەردیی کوردەکان لەم قەڵایەدا لە نێو داســتان و لاوک و گۆرانی داستانیدا بە زیندوویی ماونەتەوە، یەکێک لەو داستانانەی ئۆسکارمان Oscar mann (١٨٦٧-١٩١٧ )تۆماری کردوون قەڵای دمدمە، تێیدا هاتووە:

خانم لێ چوونە سەر بورجی دمدمی، خۆیان هەڵدەدێرن بەرامبەر بەردی
شمشێرخانێ
دڵی خانی بە برینە چەند بە برین برینە، زەینی خۆم دا چیمەنی هۆزانێ
چەند شین و نازەنینە چۆمی باراندێزی دێنە خوارێ، چەند
زوڵاڵ و شیرینە
دیواندرێ، بازاڕ بەتاڵ کەرێ بۆ کەس نەماوە، بۆ مەش نامینێ
خانی برادۆستان گوتیان بە خان ئاڵدەڵی موکری یە:
(بڵا بۆت بم بە برایەکی دایک و بابییە
دەستت بۆ باوێمە سەر باڵچۆغەی شیران، کێلانانت بۆ بەجێ بێڵم
لە بنەبانێی دمدمییە.............(ئۆسکارمان، ١٩٧٥، ب١: ٢٠٢).
ئینجا دێتە سەر باسکردنی شا عەباس و دەڵێ:
شا عەبباس دەڵێ:حەسەن خانە
بڵا بکەین تەگبیر و ڕایانە

.........................................

زووکە شوغلم بۆ پێک بینە
دمدمم لە بۆ بستینە
ئەوساڵ حەوت ساڵە لە من یاغینە.......(سەرچاوەی پێشوو:٢٠٣_٢٠٤)

بە زمانێکی ڕەوانی موکری لە لایەن هێمنی موکریانی هێنراوەتە سەر ڕێنوسی کوردی، گێڕانەوەکان بەڵگەی سەلیقەداری و تۆکمەیی بیرەکانی ئەو کەسانەن کە لە بنچینەدا دایانڕشتوون، گەلێک شاعیر لەو سەردەمانەدا ژیاون و توانیویانە ڕووداوەکان بخەنە قالبی شـــیعر، یەکێک لەوانە، (فەقێی تەیران کە چریکەی (خانی لەپزێڕین و

دمدم)ی زۆر بە جوانی بە شـــیعر هۆنیوەتەوە، جەنگی خانی لەپزێڕین لە قەڵا و کەلها دمدم لەگەڵ سوپای شا عەباسی سەفەوی دا لە ساڵی ١٥١٧ ی مانگی وڕێکەوتی ١٦٥٨ز دا قەوماوە، فەقێ خۆیشـــی لە ڕۆژگاری جەنگی قەڵای دمدم ژیاوە)(محەمەدی، ١٣٦٤: ٣٠٠_٣٠٥).

ئەحمەد خان کە قەڵای دمدمی لە زەمانی شـــا عەباســـی دروســـت کردوەو لە دێیەک لە دێهاتی ورمێی خاوەن خێل بووە، بەڵام ئەوەیان تۆمار نەکردووە کە ناوی خێلەکەی چیبووە(بڕوانە:ئۆســـکارمان، ب١: ١٧٩)، بەڵام قەڵای دمدم بۆتە ڕەمزێکی نەتەوەیی، هەم وەکو قەڵا، هەم وەکولاپەڕەیەکی پرشـــنگداری مێژووی کورد لە خۆڕاگریی و بەرگریکردن لە خودی قەڵا و خەڵکەکەی.

لە نێو هەم مێژو و هەم بابەتە فۆلکلۆرییەکان جگە لە قەڵای دمدم و بورجا بەلەک ناوی گەلێک قەڵای دیکە هاتووە، نمونەی:قەڵای ئەختەمار، قەڵای کەواشـــی، هەر خۆی کورد خاوەن ژمارەیەکی زۆری قەڵایە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە درێژایی مێژوو پەلامار دراوە، بۆ بەرگریکردن لە خۆی و مانەوەی و زاڵبوونی بەســـەر دوژمناندا ناچاربووە قەڵا دروست بکات، بۆ ئەوەی ببێتە شوێنێکی ئاسایش و پشت و پەناگەی بێت لە کاتە دژوارەکاندا.

لاوک و حەیران کە ئەدەبێکی فۆلکلۆری باڵان، بەهۆی جۆری ئەو بابەتانەی لە خۆیان گرتووە، لاوک بە ئاراســـتەی ســـوارچاکی و شـــەڕوشـــۆڕ دەڕوات و حەیران بەسەرهاتی گەرموگوڕی عاشقە ناکامەکان بە ڕیتمێکی غەمگین دەڵێتەوە.

(لاوکی میرۆ)کە لاپەڕەیەکە لە مێژووی پڕ کارەســـاتی میللەتی کورد بە دەســـت عوســـمانییەکان، میرۆ ســـەرکردەیەکی کوردە لە ناوچەی جەزیرە و بۆتان و لە تورکەکان یاخی دەبێت، تورکەکان بە سەرکردەی عەلی عوسمان پاشا لەشکرێکی گەورەی دێننەســـەر میرۆ، لە شـــەڕەکەدا نەجیم برا بچکۆڵەی میرۆ دەکوژرێ و میرۆ خۆیشی دەگیرێ، خەلەف ئاغا ناوێک هەبووە لە گەورەکانی ئەو ناوچەیە دەسەوودامێنی عەلی عوســـمان پاشـــا دەبێ کە دەســـتی میرۆ کەلەپچە نەکا، بەڵام میرۆ هەر دەکوژرێ(ڕەسول، ٢٠٠٨: ١١٥)، هەموو مەبەستەکەیان لەنابردنی فەرمانڕەوای سەربەخۆی میر بەدرخان بووە، لە لاوکەکەدا هاتووە:

لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ میرۆ
ملێ خانی خۆش ملێ خانێ
بەژنا بەدرخان بەگ زراڤا مینا بنا تلا بنا ڕیحانێ

شەمۆیێ دێرشەوی کرا گازی:

وەسمان پاشا کوچک باب

دەستێ بابێ تیلێ میرێ بۆتا شێرێ کوردا

بتە نایەتە گرێدانێ

دەلۆ لۆ..... لۆ لۆ

لەمە تێ دەنگێ تۆپان و جبەخان لە پەیمە تێ

حەیفە بۆ مخابنا مە د مینێ

کوچکێ کۆشتەرێ ڕۆمیا

کەتنە شارێ جزیری بۆتا

هەیلۆ بابۆ ل من خراب دکن جێ یێ ئاغان و عەشیرەتێ......

(یحیی، کاروان٢٩: ١٥٦)

گەلێک لەوانەی خەریکی ووتنەوەی بابەتە فۆلکلۆرییەکان بوون و بەهایەکی زیاتریشیان پێ بەخشیوە نموونەی:سەعید ئاغا، عەزیز ئاغا، مریەم خان، کاوێز ئاغا، ئایشەشان، عیسێ بەرواری، محەمەد عارفی جزیری، .........هتد(بڕوانە:یحیی، :١٥٤).

لەکاتی بەیەکنەگەیشتنی دوو دڵدار و ئاکامەکەیان کراوەتە لاوک و زارەوزار گێڕدراوەتەوە، هەندێ جار شەڕی عەشیرەتەکانی لێ کەوتۆتەوە، وەک:جەمبەلی کوڕی میری هەکاری و بەنەفشا نارین کە دوای ئەوەی ناهێلن بۆ یەک بن، ڕا دەکەن، بەمەش شەڕێکی لە نێوان عەشیرەتی جەمبەلی و عەشیرەتی دەروێش ئاغا دروست دەبێت( celilوordixan، ١٩٧٨: ١٧٧تا١٨٩)

(زەنبیل فرۆش )کە یەکێکە لە بەسەرهاتە گرنگەکانی دەماودەم گێڕدراوەتەوە، د.مارف خەزنەدار ئاماژەی پێداوە و دەڵێ:زەنبیل فرۆش وەکو بەرهەمێکی فۆلکلۆری ناسرابوو، تێکستی یەکجار زۆری کەوتبووە ناوەوە بە درێژایی ڕۆژگار، بە یەکەم بەرهەمی شار_شارستانی پێچەوانەی گوند و دێهات و کۆمەڵی کشتوکاڵی_لە کوردیدا خۆی دەنوێنێ(خەزنەدار، ٢٠٠١: ٣٥)، قەلای زەنبیل فرۆش دەکەوێتە تاخی _فەرەیدون_لە ڕۆژهەلاتی باکوری فارقینێ، فارقین ناوێکی کۆنەو ئێستا (سلیڤان)ە، پایتەختی میرنشینی دۆستەکی بووە، زەنبیل فرۆش کە مرادخانی بایەزیدی بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش لە سالی ١١٩٠ک گێڕاویەتیەوە (غەمبار، ٢٠٠٢) .

سەد و نەوەت ساڵ بورییە

پاش هزارا هیجریه

مرادخا دبیت بەسەرهاتیه

ب شیعر ب گوتنەکا خوش

تاقه داســـــتانه که ناچیته نێو نه داســـــتانی قارەمانی و نه داســـــتانی دڵداری، چونکه بایەخ به زوهد و ئایین پەروەری دەدات، کەســـــایەتی زەنبیل فرۆش له خواترس و ڕاست و ئایین پەروەر بەرپەرچی هەموو کارێکی نەشیاو دەداتەوە،

کورده خوێندەوارەکان بایەخیان به فۆلکلۆر نەداوە، هۆکارەکەیشـــــی بابەته فۆلکلۆرییەکان به زمانی ڕەســـەن و پاراوی کوردی بوون له لایەک و مۆدێلی نوســـین و خوێندنەوەی ئەو ســـەردەمانه به زمانەکانی عەرەبی و فارســـی و تورکی بوون له لایەکی ترەوە، هەرچەنده هەندێک بابەتی نوسراو بەدیدەکرێت وەک ئەوە وایه سودیان له شێوازی فۆلکلۆر وەرگرتبێت، وەک ئەم چەند دێرەی ئیبن ئادەمی باڵەکی، که تێیدا هاتووە:

| | |
|---|---|
| هەوران کـــرده گـــۆڵەگـــۆڵ | مـــیـــکـــائـــیـــلا ئەتـــۆش دەی |
| توتن و مـــاشـــــان بڕشـــێنه | دەبـــا نـــۆش بـــێـــته ســـــەر دەی |
| ڕۆمـــــی ئەوا پەیـــا بـــــوون | کـــوتـــێـــبـــخـــانـــان دەکەن تەی |
| مـــیـــری ســـــــۆران و بـــۆتـــان | لەنـــاوچـــوون به دەســــــیـســــەی |
| کوردســــــتـــانمـــان چی لێ هـــات | کـــوردان بـــۆ مـــاتـــن؟ تـــاکەی؟...... |

(بێخاڵی و جامباز، ٢٠٠٦: ٥٧)

کاتێک میر عەلی بەگ دەکوژرێت، خانزادی پوری دەســـەڵات دەگرێته دەســـت، بەڵام نازانرێت چەندی خایاندووە، بەو پێیەی که ئافرەتێکی زیرەک و چالاک و لێهاتوو بوو، چەندین قەڵای دروســـــت کردووە، لەوانه قەڵای باڵەک له ڕۆژهەڵاتی ڕایات و قەڵا سەختەکەی له نزیک هاوینەهەواری سەلاحەدین، که تاکو ئێستاش ماوەتەوە(محەمەد، ٢٠١٨: ١٩٩ )بۆیه بۆته ڕەمزێکی بەهاداری نێو ژیانی کۆمەڵایەتی له لایەک و ڕەمزێکی نێو مێژوی کورد له لایەکی ترەوە، له ڕێگەی ئەم ڕۆلگێڕانەی لەم دوو بوارەدا، چۆته نێو ئەدەبیات و چەندین ســـەربوردەو هەڵوێســـت و بابەتی داســـتانی له بارەوە داڕێژراوە، که هەندێکیان له سنوری واقیعه مێژوییەکه دووردەکەونەوە و دەبنه نێو سنوری ئەفسانه و حیکایەت.

یەکێکی تریش چەشـــنی(خـانزادی ســـۆران)ە، کە ئەویش فەقێ ئەحمەدی دارەشـــمانە یە، گوندی دارەشـــمانە لە ناوچەی پشـــدەر، کوڕی بابا میر بووە، لە لایەن کاکە شـــێخی براکەیەوە تیرۆر کراوە، فەقێ ئەحمەد لە ژێر دەســـتی دایکی پەروەردە کراوە و پێگەیشـتووە(بابان، ١٩٩٣: ٣٥) فەقێ ئەحمەدی دارەشـمانە سـێیەمین بنەماڵەی حوکمڕانی بابانەکانی دامەزراند، کە یەکێک بوو لە دەرەبەگەکانی ناوچەی پشـدەر، بەمەش (بەردی بنـاغەی میرنشـــینی کۆتـایی دانـاوە و لە نەژادی میرەکانی ســـۆران و عەشیرەتی (نورەدینی)یە، یەکێ لە هۆزە ڕەسەنەکانی پشدەرە) (زکی، ١٩٤٨: ٤١٧)چەندین چیرۆک و داستان لەسەر ڕەوشی ژیان و سەربوردەی ئەوە دوای ئەوە گێڕدراوەتەوە و تەنانەت وەکو ئەفسانەیەک داستانی لەسەر نوسراوەتەوە(فیدا، ١٩٨٧ : ٥ تا ٨٧).

چەنـدین ڕووداوی تریش هەن کە لە نێوان مێژوو و فۆلکلۆردا هـاوبەشـــن، نمونەی: دوانزە سوارەی مەریوان، کاکە شێخ و کاکە میر، ....هتد.

بـابەتە فۆلکلۆری و مێژووییەکـان پێویســـتیـان بە بەراوورد و بەرامبەریکردن و هاوتاکردن هەیە، چونکە گواسـتنەوەی بابەتە مێژووییەکان بۆ نێو ئەدەب بە گشـتی و ئەدەبی فۆلکلۆری بە تـایبەتی بە نـاوەنـدی خەیـاڵ تێپەڕ دەبێـت، بۆ دیـاریکردنی هێڵە مێژوویی و هێڵە ئەدەبیەکان دەبێت پێوانەی خەیـاڵی کۆیی میللی بکرێت، چونکە ئەم خەیاڵە کۆییە بەشداریەکی چالاکی لە گۆڕانکارییەکان کردووە.

**٤_ئەنجامەکان**

_ عەشـــیرەت لە مێژووی نەتەوەی کورددا هەموو شـــتێـک بووە، بڕبڕەی پشـــتی میرنشـــینەکانیش بوون، بەهێزیی عەشـــیرەتەکان بۆتە مـایەی بەهێزیی دەوڵەت و حوکمڕانییان، هەر خۆی لەناو هەر هۆزێکدا دەوڵەتێک و لە ناو هەر دەوڵەتێکیشـــدا هۆز و دەسەڵاتی عەشیرەتەکان بەدیکراوە.

_ ناوی عەشـــیرەتە کوردییەکان لە پەیوەســـتبوونیان بە خاک و ئەو ڕووبەرە زەوییەی لەســـەری ژیـاون، ســـەرچـاوەیـان گرتووە، نەک نەژاد و ڕەچەڵەک، ئەمەش بەڵگەی بەســـتنەوەی پتەوی کەســـی کوردە بە خـاکەکەی، کە هەمیشـــە بـاجی ئەم پەیوەســـتبوونەی داوە، ئەمە و جگە لەوەی نـاوی هەنـدێک عەشـــیرەتی دیکە لە ســـەرۆکهۆزەوە وەرگیراوە، جـاری واش بووە نـاوی بنەمـاڵەکە بۆتە نـاوێـک بۆ ئەو شـــوێنەی ڕوویان تێ کردووە، بە تایبەتی ڕەوەندەکان لە کاتی نیشـــتەجێبوونیان لە شوێنێکی دیاریکراو.

ـ مێژوو و ئەدەبی فۆلکلۆری دوو جەمسەری یەک ئامانجن، توانیویانە بۆشاییەکانی یەکتر پڕبکەنەوە و بەشداری لە ڕۆحی نەتەوەیی کورد بکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەیاڵ لە نێوانیاندا دەبێتە بەربەست، چونکە مێژوو واقیعی حاڵە و فۆلکلۆر واقیعی خەیاڵ، بۆیە بابەتەکان زیاتر پێویستیان بە بەیەکگرتن و بەرامبەری کردن هەیە، بۆ ئەوەی لە دواجاردا هاوتا بکرێن و هاوکێشەکان بە لاسەنگی نەمێننەوە.

ـ ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بە گشتی و داستان بە تایبەتی بە ناوەڕۆکە مرۆڤایەتیەکانی و شێوە و ڕوخسارە پڕ لە هونەرییەکەی توانیویەتی زارەوزار و نەوە دوای نەوە پارێزگاری لە مانەوەی بکات و کۆمەڵێک شاکاری نموونەی:مەم و زین، زەنبیل فرۆش، قەڵای دمدم، خانزادی سۆران، خەج و سیامەند , فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە......هتد، و چەندین ستران و بابەتی دیکە بە زیندویی بهێڵنەوە، چونکە ئەم بەرهەمانە هەمیشە پێیەکیان لە نێو مێژوو و پێیەکەی تریان لە نێو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدایە .

ـ بەیتە کوردییەکان ئاوێنەی ڕابردوی شکۆداری نەتەوەی کوردن، شێوازی بیرکردنەوەو هەڵس و کەوت و داب و نەریت و لایەنەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و .....هتد دەخەنەڕوو، لە پاڵ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکاندا و دیراسەکردنی پەیوەندییەکان ئینجا چ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بێت، چ پەیوەندی نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵاتی میرنشینەکان یا سەرۆک عەشیرەت و خێڵەکان، ئەمە و جگە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دوژمن و ئەو دەستەو تاقمانەی بەربەستیان بۆ نەتەوەی کورد دروستکردووە.

ـ ناوی عەشیرەت مەرج نییە ڕاستەوخۆ هاتبێت، بەڵکو لە میانەی باسکردنی کەسایەتیەک یا ڕووداوێک کە لە چوارچێوە مێژووییەکەی دەردەکەوێت پەیوەست بە چ عەشیرەتێک بووە، جاری دیکەش هەبووە کە ناوی میرنشین و عەشیرەتەکە یەک بێت نمونەی:میرنشینی داسنی کە عەشیرەکەش هەر داسنی بووە.ئەمە و لە کاتێکدا لە ژێر سایەی هەر میرنشینێکدا چەند ڕووداوێکی پەڕیوەتەوە نێو فۆلکلۆر بە پێی کاریگەری ڕووداوەکە، کە لە هەمان کاتیشدا پەیوەست بووە بە عەشیرەتێکی دیاریکراو.

_ ناوی هیچ عەشیرەتێک بە ناوی ژن نەکراوە، ئەمە پیاوسالاریی کۆمەڵگەی کوردی دەنوێنێ، بەڵام لە داستانی لاس و خەزاڵ ئاماژە بەوە کراوە کە خەزاڵ دەورێکی چالاکی هەبووە و سەرۆکی عێڵ و عەشیرەت بووە و ئەمر و فەرمانی بەدەست بووە، هەروەها خانزادی سۆران، مەستورەی ئەردەلانی کە دوو ڕەمزی ئافرەتی بە توانا و زیرەکن، دەرکەوتنی ئەمانە و ڕۆڵگێڕانیان بۆ بنەماڵە ڕۆشنبیرەکەیان دەگەڕێتەوە، کە وایکردووە تەنانەت مەستورە مێژوی ئەردەلانیەکان تۆمار بکات، لە کاتێکدا ئەم کارە لە گۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکاندا ناوازە و تاقانە کار بووە.

**٥_سەرچاوەکان**

**٥_١ بە زمانی کوردی**


- ئەسکەندەر، د.شەمسی محەمەد(١٩٩٨)، مێژوی کورد لە سەدەی شازدەهەمدا، وەرگێڕانی لە ئازەربایجانییەوە:شوکور مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- بایراقدار، محەمەد(٢٠٠٩)، ئیدریسی بدلیسی، وەرگێڕانی:شوکور مستەفا، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- بدلیسی، شەرەفخان(١٩٧٣ )، شەرەفنامە، وەرگێڕانی:هەژاری موکریانی، چاپخانەی نعمان، نەجەفی پیرۆز.
- برونەسن، ماتین.فان(٢٠٠٣)، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە:د.کوردۆ عەلی، بەرگی دووهەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- بۆتانی، عبدالفتاح علی یحیی(١٩٨٨)، بورجا بەلەک د جزیرا بوتان دا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١٧.
- بێخاڵی و جامباز، مەولود و تاریق(٢٠٠٦)، ڕەواندز_شارەکەی پاشای گەورە، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- بەحرکەیی، مەلا تاهیر(٢٠١٩)، محەمەد پاشای ڕواندزی و ئەو فەتوایەی دراوەتە قاڵ مەلای خەتێ، وەرگێڕانی:عەتا مەلا تاهیر بەحرکەیی، چ١، چاپخانەی جەنگەل، هەولێر.
- چەلەبی، ئەولیا(١٩٧٩)، کورد لە مێژوی دراوسێکانی دا سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی:سەعید ناکام، چاپخانەی کۆڕ، بەغدا.
- حەبیبی، هادی(٢٠١٢)، ئوستورە لە خوێندنەوەی بەیتی مەم و زین دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٨٣، ساڵی حەڤدە، هەولێر.

- حەســـەن، مـحـەمـەد فـەریـق(٢٠٠٨)، مـێـنـتـەلـێـتـیـی خـێـڵ، چ١، چـاپـخـانـەی ئـاراس، هەولێر_کوردستان.
- حەسەن، وەسفی(٢٠٠٠)، سەرهاتیا زەمبیل فرۆش، گۆڤارا دهۆک، ژمارە ٩.
- حەمەکەریم، حەسـەن مەحمود(٢٠٠٦)، فەتواکەی مەلای خەتێ_ئەفسـانەی مێژونوسـێک، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- خانی، ئەحمەد(٢٠٢٢)، ئامادەکار و شـیکار:فەریاد فازیل عومەر، چاپی دووەم، ئینسـتیووتی خوێندنی کوردی بەرلین، سلێمانی.
- ڕەسول، د.شوکریە(٢٠٠٨)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- زەکی بەگ، محەمەد ئەمین(٢٠٠٦)، تاریخی سـلێمانی و وڵاتی، سـەرجەمی بەرهەمەکانی، ئامادەکردنی:ڕەفیق سالح، سێیەم بەرگ، سلێمانی.
- سـالح، سـدیق(٢٠٠٥)، سـەرجەمی بەرهەمی محەمەدئەمین زەکی بەگ، یەکەم بەرگ، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- سـۆن، مێجەر ئی.بی(٢٠٠٧)، چەند سـەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردسـتانی خواروو، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:نەجاتی عەبدوڵلا، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- عەبدولواحید، ئازاد(٢٠٠٥)، گەشتێک بەناو مێژوو، بەڵگەنامە، شوێنەوار، هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ عەبدولڕەقیب یوسف، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر.
- فیدا، محەمەد(١٩٨٧)، فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، بەغدا.
- ڤاسـیلیەڤا، ی.ئی(٢٠٠٩)، کوردسـتانی خوارووی ڕۆژهەڵات_لە سـەدەی حەڤدەوە تا سـەرەتای سـەدەی نۆزدە، وەرگێڕانی لە ڕووسـیەوە:د.ڕەشـاد میران، چ٢، چـاپـخـانەی ئـاراس، هەولێر_کوردستان.
- قەفتان، د.کاوس( 1985 )، چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژوی بابان، سۆران، بۆتان، بەغدا.
- محەمەد، پ.د.ئـاکۆ بورهـان( ٢٠١٨)، مێژوی میرنشـینە کوردییەکـان لە چـاخی نوێـدا، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
- محەمەدی(شـەپۆڵ)، محەمەد صـالح ئیبراهیمی(١٣٦٤)، ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست، چاپخانەء مهارت، تهران.
- مسـتەفا ڕەسـول، عیزەدین(١٩٧٣)، عەلی بەردەشـانی_ژیان و بەرهەمی، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، ژمارە ١٦، بەغدا.

- مەلا حەسەن، هیوا(٢٠١٩)، مێژووی چەند هۆزێکی کورد، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- نورەدین، بوار(٢٠٠٧)، میر عەبدال خانی بدلیس ١٦٠٥_١٧٠١، بلیمەتێکی فەرامۆشکراو لە مێژوی کورددا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
- نەبەز، جەمال(٢٠١٩)، میری کورد_میر محەمەدی ڕواندزی ناسراو بە میری کۆرە، وەرگێڕانی:سەردار محەمەد عەلی ڕواندزی، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- هوشیار، جەودەت(٢٠١٥)، گەنجینەکانی کەلەپووری کوردی لە خەزێنەکانی پترسبورگدا، وەرگێڕانی:پ.د.شوکریە ڕەسووڵ، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ئۆسکارمان(١٩٧٥)، تحفەء مظفریە، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەوەسەر ڕێنوسی کوردی:هێمن موکریانی، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- ئەسکەندەر، د.سەعد بەشیر(٢٠١٦)، سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، وەرگێڕانی:جەوهەر کرمانج، چاپخانەی دەزگای کاروباری ڕۆشنبیری گشتی، بەغدا.

## ٥_٢ بە زمانی عەرەبی

- أبوبكر، د.أحمد عثمان(٢٠٠١)، عشائر كردستان، رابطة كاوا للثقافة الكردية، أربيل.
- أقطاش و بينارق، نجاتي و عصمت(١٩٨٦)، الأرشيف العثماني، ترجمة:صالح سعداوي، مركز الأبحاث للتاريخ و الفنون و الثقافة الاسلامية، أسطنبول.
- الداقوقي، ابراهيم(٢٠٠٣)، أكراد تركيا، دار المدى، دمشق.
- الزفنكي، أحمد بن الملا محمد(١٩٥٩)، العقد الجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزري، ج٢، مطبعة رافدين، قامشلو.
- العباسي، محفوظ(١٩٦٩)، امارة بهدينان العباسية، مطبعة الجمهورية، الموصل.
- النجار، مصطفى احمد (٢٠٠٧)، شرفخان البدليسي و نهجه التاريخي من خلال كتابه شرفنامه، مطبعة حاجي هاشم، أربيل.
- بابان، جمال(١٩٩٣)، بابان في التاريخ و مشاهير البابانيين، بغداد.
- توفيق، د.زرار صديق(٢٠٠٧)، القبائل و الزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط، ط١، مطبعة آراس، أربيل.

- _ زكي، محمدأمين(١٩٤٨)، تاريخ الدول و الامارات الكردية في العهد الاســــلامي، تعريب المجلد الثاني من خلاصـــة تاريخ الكرد و كردســـتان، عربه و راجعه:محمد علي عوني، مطبعة السعادة، مصر.
- ســـايكس، مارك(٢٠٠٧)، القبائل الكردية في الامبراطورية العثمانية، ترجمة:د.خليل علي مراد، دار الزمان للطباعة و النشر و التوزيع، ط١، دمشق، سوريا.
- علي، د.عثمان(٢٠١٠)، الكرد في الوثائق العثمانية، مؤســـســـة موكرياني للبحوث و النشر، ط١، مطبعة خاني، دهوك.
- غمبار، كمال(٢٠٠٢)، بائع الســـــلال_زمبيل فروش_حكاية فولكلورية كوردية، جريدة خبات، أربيل.
- لطفي، أحمد(١٩٩٢)، الأمير بدرخان، ترجمة :علي ســـيدو الكوراني، مراجعة:روشـــن بدرخان، دمشق.
- مراد و حســـــن، خليل علي و نزار ايوب(٢٠١٧)، امارة هكاري الكردية في عهد عمادالدين(١٦٣٤_١٦٣٩م)، مجلة المنارة، المجلد ٢٣، العدد٤.
- ميجرسون و آخرون(١٩٧٩)، العشائر الكردية، ترجمه و علق عليه:فؤاد حمه خورشيد، مطبعة الحوادث، بغداد.
- هروتي، د.سعدي عثمان(٢٠٠٠)، امارة بابان في النصف الأول من القرن الثامن عشر، مؤسسة موكرياني للطباعة و النشر، أربيل.
- هروري، صلاح(٢٠٠٠)، امارة بوتان_في عهد الأمير بدرخان١٨٢١_١٨٤٧ _دراسة تاريخية سياسية، مطبعة خبات، دهوك.
- يحيى، عبدالفتاح علي( ١٩٨٥)، بوتان و البوتانيون و الاغنية الكردية التاريخية، مجلة كاروان، العدد ٢٨، ٢٩، كانون الثاني، شباط، أربيل.
- ئيگلتون، ويليام(٢٠٠٦)، القبائل الكردية، ترجمة:احمد محمود خليل، من منشورات موكريان/مطبعة وزارة التربية، أربيل.

**٥_٣ به ئه‌لف و بێی لاتینی**

- Ordixan u Celile Celil(1978),Zargotina Kurda,cild1,bes 1 u 2,capa yekem,nesirxana nauka,Moskova
- Ramazan Pertew(2015),Edebiyata Kurdi ya geleri,capa yekem,Avesta,Istanbul

# علامات هوية العشيرة في مرآة التأريخ وموضوعات التراث الشعبي

**الملخص:**

كانت العشائر الكردية تمثل مركز القوة والسلطة؛ لذلك كان لها دور بارز في المجتمع الكردي على مر التأريخ، وهذا ما أدى إلى أن تكون مصدر الخوف والقلق للدولة العثمانية التي كانت تحاول أن تعتمد على هذه العشائر في كثير من شؤون البلاد، من حماية الحدود والطرق التجارية، ومن طرف آخر كانت تهدف إلى إضعاف سلطة هذه العشائر التي كانت تشكل جزءا كبيرا من خريطة الدولة العثمانية؛ لذا كانت تعمل على تفريقها وتشتيتها ولاسيما العشائر المتمردة؛ بغية فرض سلطتها على جميعهم، وهذا ما أصبح المحور الرئيس في إطار الدراسات التأريخية وموضع اهتمام المؤرخين والمثقفين الكرد.

فأصبحت هذه الأحداث والخلافات والخصومات التأريخية كسرديات علمية وفنية مصدرا خصبا لموضوعات التراث الشعبي (الفلكلور) الذي يمثل نتاجا قوميا وكنزا شعبيا ذا قيمة أدبية وجمالية، وأفضل مرتكز لمعرفة عقلية المجتمعات وتفكيرهم في مراحل متباينة، فضلا عن قدرته على تحديد خصائص الشعوب وقراءة أفكارهم وفلسفة رؤية طبقات المجتمع للحياة، وتمثيل المنزلة الاجتماعية وطبيعة علاقات أفراد المجتمع؛ لذلك يحتل التراث الشعبي زاوية مهمة في الثقافة الكردية.

تتعلق الموضوعات الشعبية (الفلكلورية) عموما والملحمة خصوصا بدور العشائر ومكانتها، كونها تتمحور على سرد الحكايات والأمثال الشعبية والسير والملامح البطولية - بشكل مباشر أو غير مباشر- التي تعرض دور العشائر الكردية المسيطرة، وعلاقتها مع بعضها أو مع القوات الخارجية.

ولبيان هذه المقاصد خصصنا بحثنا لدراسة (علامات هوية العشيرة في مرآة التأريخ وموضوعات التراث الشعبي)، الذي يحاول أن يجيب عن تساؤلات مهمة من نحو: مدى علاقة الأدب الشعبي بالتأريخ؟ وإلى أي مدى استفاد الأدب الشعبي من التأريخ؟ وهل حقق الأدب الشعبي توازنا مع الموضوعات التأريخية في نقل الأحداث وروايتها وتبيان دور العشائر؟ وما الموضوع الشعبي الذي يعكس ذكر العشائر أكثر؟ إلى جانب توضيح

إجابات لأسئلة مهمة أخرى تناولها هذا البحث؛ لأن الموضوعات الشعبية مخزون تجارب الشعب الكردي وخبراتهم على الصعيد الاجتماعي والسياسي والاقتصادي والأدبي... إلخ.

وطبيعة موضوع البحث استدعت الاعتماد على المنهج الوصفي التحليلي النقدي، ويتألف البحث من محورين تسبقهما مقدمة وتمهيد، وفي نهاية المطاف تمخضت طائفة من النتائج عن رحلة شيقة بين طيات التاريخ والإرث الشعبي الكردي، مع عرض ملخص باللغتين العربية والإنكليزية.

**الكلمات الدالة**: *التأريخ، العشائر الكردية، الأدب الشعبي، فن السرد، الشخصية التأريخية.*

## Features of the tribes identity in the mirror of history and folklore topic

**Abstract:**

The Kurdish tribes represented the center of power and authority. Therefore, it had a prominent role in Kurdish society throughout history, and this led to it being a source of fear and anxiety for the Ottoman Empire, which was trying to rely on these tribes in many of the country's affairs, including, protecting the borders and trade routes, and on the other hand, it aimed to weaken The authority of these tribes, which constituted a large part of the map of the Ottoman Empire; Therefore, it worked to divide and disperse them, especially the rebellious tribes. In order to impose its authority on all of them, this has become the main focus within the framework of historical studies and the subject of interest of Kurdish historians and intellectuals.

These historical events, disputes, and antagonisms, as scientific and artistic narratives, have become a fertile source for topics of popular heritage (folklore), which represents a national product and a popular treasure with literary and aesthetic value, and the best basis for knowing the mentality of societies and their thinking at different stages, as well as its ability to determine the characteristics of peoples, read their thoughts, and the

philosophy of seeing classes. Society for life, and the representation of social status and the nature of the relationships of members of society ;Therefore, popular heritage occupies an important corner in Kurdish culture.

Popular topics (folklore) in general, and the epic in particular, relate to the role and status of the tribes, as they are centered on narrating folk tales, proverbs, biographies, and heroic features - directly or indirectly - that display the role of the dominant Kurdish tribes, and their relationship with each other or with external forces.

To demonstrate these purposes, we devoted our research to studying (Signs of tribe identity in the mirror of history and topics of popular heritage), which attempts to answer important questions such as: The extent of popular literature's relationship to history? To what extent has popular literature benefited from history? Has popular literature achieved a balance with historical topics in conveying and narrating events and demonstrating the role of tribes? Which popular topic reflects the mention of tribes the most? In addition to clarifying answers to other important questions addressed in this research; Because popular topics are a repository of the Kurdish people's experiences and expertise in the social, political, economic, literary, etc. levels.

The nature of the research topic necessitated reliance on the descriptive, analytical, and critical approach. The research consists of two fields preceded by an introduction and a preface. Ultimately, a range of results resulted in an interesting journey between the Kurdish folks history and popular heritage, with a summary presented in Arabic and English.

**Keywords:** *History, Kurdish tribes, popular literature, narrative art, historical personality.*


www.ciyaye-kurmenc.com


Mem u Zîn IfKS B مەم و زین

